بسم الله وبه نستعين

# وەڵامێك بۆ مامۆستا عەلی باپیرو هاو ڕایانی لەســەر حوكمی مۆســیقاو گـۆرانی

ئامادەكردنی/ حەمـــزە بەرزنـــجی

تێبینی/ پێش مانگێك لەمەوبەر وەك عورفی ڕۆژنامەنووسی ئەم بابەتەم ڕەوانەی ڕۆژنامەی كۆمەڵ كرد تا لەوێ بلاّو بكرێتەوە, ئەوانیش بەڵێنی بلاّوكردنەوەیان دا, بەلاّم بە داخەوە لەبەر قبوڵ نەكردنی ڕای پێچەوانەو دەمارگیری كوێرانە لەسەرەوەیان, پاش دەستی دەستیەكی زۆر ڕێیان پێ نەدرا بلاّوی بكەنەوە...

لە ژمارە (315)ی ڕۆژنامەی (كۆمەڵ)و هەتا ژمارە (330)و لە (16) ئەڵقەدا بابەتێكم خوێندەوە لە ژێر ناونیشانی (چەند بابەتێكی هونەری لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا) لە نوسینی مامۆستا عەلی باپیر, كە ئەو چەند ژمارەیەی تایبەت بوو بە باسی گۆرانیو مۆسیقاو حوكمدان لەسەریان... بەلاّم بە داخەوە بابەتەكە بە گشتی لە نوسینی ئەو مامۆستا بەڕێزە پەرێز پاكە نەدەچوو كە بە هەڵوێست پتەوی ناسراوە, چونكە كۆمەڵگەلێك تێبینیو ڕەخنەی زۆری هەڵدەگرت, وەلاوازیەكی زۆرو تەئویل كردنێكی بێ ئینصافانەی تێدا بەدی دەكرا..كە لێرەدا ئەوەندەی بوار بێت لەسەر حوكمی گۆرانیو مۆسیقاكەی مشتێك لەو سەرنج و تێبینیانە دەخەمە ڕوو, ڕەخنەگرتن لە باسی بابەتە هونەریەكانی تریشی جێ دەهێڵم بۆ كەسانی تر, بەلاّم لە دەستپێكدا دوو تێبینیم هەیە:

1- ئەگەر بە ووردی مێژووی ئیسلامی بخوێنینەوە بۆمان دەردەكەوێت كە خەڵكی لە بارەی دینداریەوە لە هەر سەردەمێكدا بە لایەكی بەزایەدان و تێپەڕاندن (افراط و تفریط)دا كەوتوون, لە هەندێ چاخدا موسڵمانان زۆر زیادە ڕۆییان كردووە لە خۆ هیلاك كردن و عیبادەت لەسەر خۆ قورس كردن, سەردەمی واش بووە خەڵكی بە تەواوی پشتیان لە دروشمە ئاینیەكان كردووەو بە شێوەیەكی زۆر ساردو سڕی دینداریان كردووەو زیاتر بە گرنگیدان بە دونیادا ڕۆچوون, لە هەریەكێك لەو دوو سەردەمەشدا زانایانێكی بۆ خوا لێبڕاو هەستاون بە ئەنجامدانی ئەركی سەرشانیان و هەوڵیانداوە دەست بدەنە شانی خەڵكیو بیانگەڕێننەوە سەر پێناسە ڕاستەكەی ﴿..أمة وسطا...﴾, لەبەر ئەوە نوسین و بابەتەكانیان لەو بوارەدا چڕ كردۆتەوە, لەو زانایانەش لە نمونەی: (ابن الجوزی و ابن تیمیة و ابن القیم الجوزیة و الهیثمی و محمد عبدالوهاب و......هتد), ئەگەر لەمڕۆشدا بە چاوێكی ژیرانە تەماشای خەڵكی بكەین بە گشتی بێ گومان دەبینین بە لای دونیاو ئارەزووبازیو سەروەت و سامان كەڵەكە كردن و كاڵ بوونەوەی دروشمە ئاینیەكاندا كەوتوون. وورده وورده ئاكارە بەرزو پەسەندەكان كاڵ دەبێتەوەو خودپەرستیو لاسایی كردنەوەی بێگانە جێگای دەگرێتەوە, دیاردەی سەیرو سەمەرەو قێزەون دەبیستین و دەبینین, بە كورتی كەشێكی تەمومژاویو نائاسایی پڕ لە ئیمان لاوازی باڵی كێشاوە بەسەر كۆمەڵگادا, باسی ئەوە ناكەم كە هۆكارەكانی دروست بوونی ئەم حاڵەتە چیە, چونكە ئەوە باسێكی چڕوپڕو سەربەخۆی پێویستە بەلاّم یەكێك لە هۆكارەكانی دروست بوونی زۆر بە داخەوە كەمتەرخەمیو خوێن ساردی لایەنە ئیسلامیەكانە, لەبەر ئەوە لەم بارودۆخەدا ئەركی زانایانە كە خەڵكی لە چاڵی بە زایەدان هەستێننەوە نەك ڕێگای زیاتر ڕۆچوونیان بۆ خۆش بكەن. پاشان چەندان واجبات و فەرزو سوننەتی فەرامۆشكراو بیدعەی زیادكراو هەیە لە ناو كۆمەڵگادا كە خەڵكی موبتەلان پێوەی حەقە باسی ئەمانە بكرێت نەك حەرامێكی زیان گەیەنەر بە ئیمان بە ناوی موباحێتیەوە لای خەڵك شیرین بكرێت. كە نازانم باسكردنی ئەم بابەتانە بەو شلڕەوی كردنەو لەم كاتەدا چ حیكمەتێكی تێدایەو چی ئامانج و بەرژەوەندیەك بۆ رابوونی ئیسلامی بە گشتیو ئاستی ئیمانی موسڵمانان و خەڵكی بە گشتی دێنێتە بەرهەم؟ جگە لەوەی پێدەچێت تەكلیفی ئیعلامیەكان بێت بۆ ڕەوادان بە مۆسیقا پێش كردنەوەی پەخشی كەناڵە ئاسمانیەكە.

2- شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت)دەفەرموێ: ( ومن مال مع صاحبه –سواء كان الحق له أو علیه– فقد حكم بحكم الجاهلیة وخرج عن حكم الله ورسوله...) مجموع الفتاوی ج28

واتە: هەركەسێك بە دەمارگیرانە لەگەڵ هاوەڵەكەیدا بێت– سا ئیتر لەسەر هەق بێت یان نا– ئەوا بە حوكمی نەفامی حوكمی كردووەو لە حوكمی خواو پێغەمبەر (ﷺ) دەرچووە...

كەواتە وەك ئیمامی مالك(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: هەموو كەسێك ووتەی وەردەگیرێت و ڕەت دەكرێتەوە جگە لە پێغەمبەری خوا(ﷺ),

لەبەر ئەوە موسڵمانان دەبێت ئاوا بڕواننە ووتەی هەرکەسێك و لە تەرازوی شەرعی بدەن پاشان کرداری لەسەر بینا بکەن.
بە ئیمامی ئەحمەدیان ووت: عبداللهی کوری موبارەك ئاواو ئاوا دەفەرموێت, ئەویش فەرمووی:(ان ابن المبارك لم ینزل من السماء) تلبیس ابلیس ص135.
واتە: عبداللهی کوری موبارەك لە ئاسمانەوە دانەبەزیوە–تا ووتەی رەت نەکرێتەوە–
کەواتە رێزمان هەیە بۆ مامۆستای خۆشەویست, بەڵام لەم بوارەدا نەیپێکاوەو بە هەڵەدا چووەو خۆشەویستیمان بۆی وامان لێ ناکات چاو لە هەڵەکانی بنوقێنین.

<u>دەستپێك</u>

1– سەبارەت بە مەسەلەی حوکمی گۆرانیو مۆسیقا لە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) پاشان لە ووتەو رونکردنەوەی زانایانی پێشینی ئەم ئوممەتەدا بە ئاشکراو زۆر بە روونیو بیٚ چەندو چوون دیارەو پێویست بە تەئویل کردن ناکات, ئەو بابەتە دوورو درێژەی مامۆستاش خۆزگە لەسەر بابەتێکی هەنوکەییو کێشەیەکی ناو خەڵکی بوایە کە چارەسەری کەمتەرخەمییەکی خەڵکی بکردایە لە بواری پەرستش و رەوشتدا نەك ئەو کۆمەڵە بەڵگە لاوازانەی کە زۆرێکی لە کتێبێکی وەك (الحلال والحرام)و (فقه الغناء والموسیقی)ی یوسف القرضاوی و هاووێنەکانی وەرگیراوە کە بە چەندان زانا کتێب و نامیلکەیان لەسەر بەرپەرچدانەوەی داناوەو هەر زوو رەت دراوەتەوە.
2– پاشان مامۆستای بەرێز زۆر جار حوکمی (گۆرانی) بە جیا لەگەڵ (گۆرانیو مۆسیقا)ی بەیەکەوە تێکەڵ کردووە, بە تایبەت لە کاتی هێنانی بەڵگەکان لەسەر بەرەوا دانانی, کە ئەمە بابەتێکە زانایان جوان جیایان کردۆتەوەو هەریەکەیان حوکمی تایبەتی خۆی هەیەو ناکرێت تێکەڵ بکرێت. راجیاییو ئیجماع نەبوونی زانایانیش لەسەر گۆرانی بیٚ ئامێرە, وەك ابن حجری الهیثمي(رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (وقع لمن لا تحقیق له ان أنکر السماع الغناء من تفصیل ولیس کما زعم...)کف الرعاع.
بۆ نمونە ووتەیەکی ئیمامی شەوکانی(رەحمەتی خوای لێ بێت) بە بەڵگەی ئەوە دێنێتەوە کە لە چەندین هاوەڵ و زاناو فەرموودەناسەوە هاتووە (کە گوێیان لە گۆرانی یان گۆرانیو ئامێرەکانیشی گرتووە!!!!!) کە هەرکەسێك ئەم دێرە بخوێنێتەوە ئەوەی لە لا دروست دەبێت کە هاوەڵان (رەزای خوایان لێ بێت)– وە حاشا لەوان– خەریکی دانیشتن بوون لە مەجلیسی عودو کەمان و تەپڵ و زورناڵێدان و ژیانیان پڕ بووە لەوە.!!! کە دیارە هیچ کەس لە زانایان وای نەوتووەو ئەمە جورئەت کرنێکی زۆر سامناکە بەسەر هاوەڵانێك کە خوا لێیان رازی بووە.
لەمەشدا مامۆستا ووتەیەکی ئیمامی شەوکانی دەکاتە بەڵگە کە دەقەکەی شەوکانی (رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی زۆر دوورە لەمەوە. وە هەر وەك مامۆستا خۆی دەڵێت لەبەشی چوارەمدا: (پێویستە دڵنیا بین لە بارەی ئەو صیغەو تەعبیرەوە کە قسەکەی پیٚ گوتووە چونکە زۆر جاران بە هاندەری دەمارگیری بۆ راو ئیجتهادێك قسەی زانایەك گۆڕاوەو دەستکاری کراوە....)
جا با بزانین ئیمامی شەوکانی چی دەفەرموێت: ( وقد اختلف في الغناء مع آلة من آلات الملاهي وبدونها: <u>فمذهب الجمهور الی التحریم</u> مستدلین بما سلف........<u>وأما مجرد الغناء من غیر آلة</u> فقال.........وقال ابن النحوي في العمدة: وقد روي الغناء وسماعه من جماعة من الصحابة والتابعین...) وە بە دواییدا ناوی بیست و سیٚ هاوەڵ و دوانزە تابعیو لە تابعی تابعینیشدا هەرچوار پێشەوای مەزهەبەکەو دەفەرموێت: کۆمەڵێکی تری بیٚ ئەژماری تریش....)نیل الأوطار ج8 ص421–423 طبعة دار الحدیث/القاهرة 1426–2005.
واتە: زانایان رایان جیاوازە دەربارەی گۆرانی بە ئامێری مۆسیقاو بە بیٚ مۆسیقا, زۆربەی <u>مەزهەبی جمهوریش لەسەر ئەوەیە کە حەرامە,</u> بە بەڵگەی ئەو دەقانەی رابوورد....بەڵام دەربارەی گۆرانی رووت بە بیٚ ئامێر......
هەرکەس تەماشای پێشی ناوەکان بکات رستەی (وأما مجرد الغناء من غیر آلة..) بە جوانی دەبینێت و چاك دەزانێت مەبەستی گۆرانییەکە کە بە هیچ جۆرێك ئامێری لەگەڵ نەبووە...
بە راستی گوێگرتن لە گۆرانی بە ئامیرەکانی مۆسیقاوە دانە پاڵ ئەو هەمووە لە هاوەڵان و تابعین سنوور بەزاندنێکی یەکجار گەورەیە, چونکە دانە پاڵی تاوانێکە کە قورئان و فەرمووده حەرامیان کردووەو لە ووتەو کردەوەی خوودی ئەو کەسانەشەوە پێچەوانەی ئەم رایە هاتووە, وەك دوایی بە خزمەتی دەگەین..
3– مامۆستا پێشتر لە بەشی چواردا باسی ئەوە دەکات کە ووتەی زانایان بە بەڵگە ناهێنرێتەوەو بەڵگەی لەسەر

دەهێنرێتەوە..کەچی خۆی بۆ پاڵپشتی رایەکەی نمونەی هەندێك لە زانایان دەهێنێت وەك نمونەكەی (قاضی بغدادو یوسف بن یعقوب و ماجشون و یعقوب بن دینارو حسن بن احمد الحویزیو محمد رفعت..).

4- وەسف كردنی ابن القیم و ناوبردنی بە دەمارگیریو سواری ئەسپی عاتیفەو سۆز بوون لە لایەن مامۆستاوە... كە دیارە ابن قیم(رەحمەتی خوای لێ بێت) و هەموو ئەوانەی وەك ئەو فتوای حەرامدانیان داوە لە لایەنگیری بۆ ووتەی خواو پێغەمبەری خواوە(ﷺ) ئەو فتوایەیان داوە نەك شتی تر....

5- ئەو زانایانەی بەكارهێنانی ئامێری مۆسیقا بە حەڵاڵ دەزانن وەك (ابن حەزمی ظاهري و غەزالی و قەرضاوی) هەر لە كاتی خۆیاندا بەرپەرچیان دراوەتەوەو رەئەكەیان پوچەڵ كراوەتەوە. نەك تەنها ئەو فتوایەیان لەسەر مۆسیقا بەڵكو زۆرێك لە رەئەكانی تریشیان كە تیایدا پێچەوانەی جمهوری زانایانن. وەك ابن الجوزی لە (تلبیس ابلیس)دا زۆرێك لەو ووتانە دێنێت و پوچەڵی دەكاتەوە...

6- مامۆستای بەرێز دەقاو دەق رەئی ئەو زانایانەی ناومان بردن هێناوەو زۆربەی جار مەسەلەی تەئویل كردن و زاڵ كردنی عەقڵ بەسەر نەقڵدا لە بابەتەكانیدا رەنگی داوەتەوە. كە ئەمە وای كردووە لە بەڵگە هێنانەوەی بۆ حەڵاڵكردنی مۆسیقاو رەتدانەوەی ئەوانەی دەڵێن حەرامە زۆر لاوازی بە بابەتەكەیەوە دیارە.

جا دواتر روونی دەكەینەوە كە بە چ شێوەیەك مامۆستا بەرگری لە رەئەكەی دەكات و دەكەوێتە ناو تەئویلاتەوە:

## حەرامێتی ئامێرەكانی مۆسیقاو گۆرانی لە روانگەی ئایەتەكانی قورئانەوە

1- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَاسْتَفْزِزْ مَنِ اسْتَطَعْتَ مِنْهُمْ بِصَوْتِكَ وَأَجْلِبْ عَلَيْهِم بِخَيْلِكَ وَرَجِلِكَ وَشَارِكْهُمْ فِي الأَمْوَالِ وَالأَوْلادِ وَعِدْهُمْ وَمَا يَعِدُهُمُ الشَّيْطَانُ إِلاَّ غُرُور﴾ الأسراء/64

لەسەر دەنگی شەیتان لەم ئایەتەدا, موجاهیدی كوری جبر (رەحمەتی خوای لێ بێت) كە پێشەوای موفەسیرین بووە لە سەردەمی خۆیداو (30) جار قورئانی لە خزمەت ابن عباسدا خەتم كردووەو پرسیاری هەموو ئایەتەكانی لێ كردووە /غایة النهایة41/2 وطبقات الداودي305/2 دەربارەی دەنگی ئیبلیس لەم ئایەتەدا فەرمویەتی: (هو الغناء والمزامیر واللهو والباطل). واتە: بریتییە لە گۆرانیو مۆسیقاو گاڵتەوگەپ و شتی بەتاڵ و پرو پوچ/أخرجه وابن ابي الدنیا وابن جریر وابن المنذر وابن ابي حاتم. الدر المنثور312/5 و ابو نعیم298/3 وابن الجوزي232

وە الضحاك كوری مزاحم كە لە زانا گەورەكان بووەو زانستی ابن عباسی لە ابن جوبەیرەوە وەرگرتووە/سیر اعلام النبلاء598/4 .

فەرمویەتی: (هو صوت المزمار). واتە: دەنگی مۆسیقایە/تفسیر القرطبي288/10 والبحر المحیط58/6

حەسەنی بەصری(رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (صوته هو الدفوف).رواه الطبري.

واتە: دەنگی شەیتان بریتییە لە دەف.

ابن القیم (رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (گومانی تێدا نییە كە گۆرانی لە گەورەترین دەنگەكانی شەیتانە كە نەفس لە رێ لادەدات و بێزاری دەكات و تووشی دڵەراوكێی دەكات, بە پێچەوانەی قورئانەوەیە كە دڵ ئارام دەكات و دەیگەرێنێتەوە بۆ لای خوای خۆی)/الكلام علی مسألة السماع380

وە هەر ابن القیم (رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (وهذه الأضافة اضافة تخصیص كما أن اضافة الخیل والرجل الیه كذلك, فكل متكلم في غیر طاعة الله أو مصوت بیراع أو مزمار أو دف حرام أو طبل فذلك صوت الشیطان, وكل ساع الی معصیة الله علی قدمیه فهو من رجله وكل راكب في معصیة الله فهو من خیالته , كذلك قال السلف كما ذكر أبن ابي حاتم عن ابن عباس: قال رجله كل رجل مشت في معصیة الله) اغاثة اللهفان. وأنظر الأعلام بنقد كتاب الحلال والحرام ص75

واتە: ئەم دانەپاڵە بریتییە لە دانەپاڵی تایبەتكردن هەر وەك دانەپاڵی سوواریو پیادەیی بۆ لای شەیتان بە هەمان شێوەیە, جا هەر كەسێك لە غەیری گوێرایەڵی خوا قسەی كرد یان هەموو مۆسیقا ژەن و جوزەلە لێدەرو دەف كوتێكی حەرام (كە بەو مەرجانەوە نەبێت كە دواتر باسی دەكرێت) یان تەپڵ لێدەرێك, ئەوە دەنگی شەیتانە.....

گومانیشی تێدا نییە خێریش لە شوێنكەوتنی سەلەفدایەو خراپەش لە داهێنان.

جگە لەوەی لە چەندان تەفسیردا بەم مانایە هاتووە لەوانە: تفسیر ابن كثیر53/3 التبیان 499/6 مجمع البیان 269/6 طبري لە جامع البیان 147/15 ابن الجوزي لە زاد المیسر 42/5 تفسیر قرطبي 288/10 شەوكانی لە فتح القدیر 241/3

2– ئايەتی دووەم: خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمِنَ النَّاسِ مَن يَشْتَرِي لَهْوَ الْحَدِيثِ لِيُضِلَّ عَن سَبِيلِ اللَّهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ وَيَتَّخِذَهَا هُزُواً أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ﴾ لقمان/6

*عبداللەی کوری مسعود(رەزای خوای لێ بێت) کە شارەزاترین صەحابەیە بە قورئان کە دەربارەی خۆی لەسەر مینبەری کوفەوە فەرمویەتی: (سوێند بەو خوایەی جگە لەو پەرستراوی بە هەق نىیە: هیچ سورەتێك لە قورئانەکەی خوا دابەزیوە ئیلا من ئەزانم لە کویٰ دابەزیوەو هیچ ئایەتێك دابەزیوە ئیلا من ئەزانم کە لەسەر چی دابەزیوە, خۆ ئەگەر کەسێك شك بەرم لە من شارەزاتر بێت بە قورئان و ووشتر بیگاتیٰ ئەوا دەچم بۆ لای)/ رواه البخاري47/9 ومسلم17/16

کاتیٰ پرسیاری لیٰ کرا دەربارەی ووشەی (لهو الحديث) فەرموی: (الغناء, والذي لا اله الا هو). واتە: سوێند بەو خوایەی هیچ پەرستراوێکی بە هەق نىیە جگە لەو بریتىیە لە گۆرانی, سیٰ جار دووبارەی کردۆتەوە/رواه ابن ابي شيبة 309/6 وابن جرير61/11 والحاكم411/2 وصححه ووافقه الذهبي,وصححه ابن القيم, والبيهقي223/10 وابن الجوزي 231

*وە ابن عباس (رەزای خوای لیٰ بێت) کە لە شارەزایانی ئەم ئوممەتە و تەرجومانی قورئان و پێشەوای ئەهلی تەفسیرە, ئەو پیاوەی کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دوعای بۆ کردو فەرموی: (اللهم علمه تأويل القرآن)رواه البخاري55/1 واتە: خوایە شارەزای بکە لە تەفسیری قورئاندا.

دەربارەی (لهو الحديث) فەرمویەتی:(هو الغناء وأشباهه), واتە: بریتىیە لە گۆرانیو هاووێنەکانی /رواه ابن ابي شيبة309/6 والبخاري في الأدب257/1 وابن جرير61/11 و 62 والبيهقي 221/10 و223 وابن الجوزي 231

*وە عبداللەی کوری عمر (رەزای خوایان لیٰ بێت) کە شارەزاو فەتوادەری ئەهلی مەدینە بووە لە سەردەمی خۆیدا/سير اعلام النبلاء203/3 دەربارەی (لهو الحديث)فەرموویەتی:(هو الغناء), واتە: بریتىیە لە گۆرانی/تفسير القرطبي 52/14

*وە جابری کوری عبدالله (رەزای خوایان لیٰ بێت) کە فەقیە و فەتوادەری خەڵکی مەدینە بووە دوای ابن عمر/سير اعلام النبلاء189/3 دەربارەی فەرمویەتی: (هو الغناء والأستماع له) واتە: بریتىیە لە گۆرانیو گوێگرتن لیٰی/ رواه ابن جرير62/11.

ئەمە ووتەی چوار هاوەڵی ناسراوی بەرێزە لەسەر ووشەی (لهو الحديث) کە بە گۆرانی تەفسیریان کردووەو, کە دیارە لە تەفسیردا ووتەی هاوەڵان بەڵگەیە, چونکە ئەوان (رەزای خوایان لیٰ بێت) شارەزاترن لە خەڵکی تر بە تەفسیر, چونکە ئاگادرترین کەس بوون بە دابەزینی قورئان و ئەو حاڵەی کە تایبەتە پێوەی, وە لەبەر ئەوەی ئەوان تێگەیشتنی تەواوو زانستی راستیان هەبووە لەسەری بە تایبەتی زاناو گەورەکانیان.

وەك حاکم (رەحمەتی خوای لیٰ بێت)فەرمویەتی: (ليعلم طالب العلم ان تفسير الصحابي الذي شهد الوحي والتنزيل عند الشيخين حديث مسند) المستدرك 258/2

هەروەها ووتەی تابعینیش بەڵگەیە ئەگەر کۆك بوون لەسەر تەفسیری ئایەتێك/مقدمة في أصول التفسير لأبن تيمية105/95

دوای هاوەڵانیش لەناو تابعیندا ئەمانەیان بەو مانایە تەفسیریان کردووە:

1– مجاهد بن جبر (رەحمەتی خوای لیٰ بێت)/اخرجه ابن ابي شيبة (1167) و(1179) وابن جرير وابن ابي الدنيا1/4 و 2/5.مقدمة في أصول التفسير لأبن تيمية105/95

2– عكرمة (رەحمەتی خوای لیٰ بێت)/اخرجه البخاري في اتاريخ217/2/2 ابن أبي شيبة 310/6 وابن الجوزي231 وابن ابي الدنيا. الدر المنثور505/6 کە لە پێشەوایانی تەفسیرەو زانستی لە ابن عباس وەرگرتووە, شەعبی لە بارەیەوە فەرمویەتی: (مابقي احد أعلم بكتاب الله من عكرمة)/غاية النهاية 515/1 وطبقات الداودي386/6

3– مكحول (رەحمەتی خوای لیٰ بێت)/رواه ابن عساكر. الدر المنثور505/6 کە تابعیىیەو پێشەوای خەڵکی شام بووە لە سەردەمی خۆیداو ئەوانیش لەسەر مەزهەبی ئەم بوون./سير أعلام النبلاء155/5

4– ابراهيم النخعي(رەحمەتی خوای لیٰ بێت)/رواه ابن ابي الدنيا.الدر المنثور505/6 کە فەقیهی عێراق بووەو هەڵگری ئاڵای فتوا بووە تیایدا/سير أعلام النبلاء520/4

5– عطاء الخرساني(رەحمەتی خوای لیٰ بێت)/رواه ابن ابي حاتم والحاكم في الكنى, الدر المنثور505/6 و 507 کە فەرمودەناسی ووتاربێژو فەتوادەری موجاهید بووە./سير اعلام النبلاء140/6

6– حەسەنی بەصری (رەحمەتی خوای لیٰ بێت)/رواه ابن ابي حاتم. الدر المنثور505/6, کە فەقیە و فەرمودەناسی

خەڵکی بەصرە بووەو شیری دایکی ئیمانداران ام سلمەی خواردووە (رەزای خوای لێ بێت)، کە عومەر(رەزای خوای لێ بێت) دوعای بۆ کردووەو فەرمویەتی: خوایە شارەزای بکە لە دین وە خۆشەویستی بکە لای خەڵك، وە بەو شێوەیەش بووە/سیر أعلام النبلاء 563/4

7- سعید بن جبیر(رەحمەتی خوای لێ بێت)/تلبیس ابلیس231، کە ئیمامی تەفسیر بووە لە زەمەنی خۆیداو هەڵگری ئاڵای زانستی ابن عباس بووە (رەزای خوای لێ بێت)، ابن مهران لە بارەیەوە فەرموویەتی: (مات ابن جبیر وما علی الأرض أحد الا وهو محتاج لعلمە)/غایة النهایة305/1 وطبقات الداودي188/1

8- قتادة بن دعامة(رەحمەتی خوای لێ بێت)/تلبیس ابلیس231، موفەسیری قورئان بووەو فەقیە و شارەزاترینی خەڵکی بەصرە بووە لە زەمەنی خۆیدا/غایة النهایة25/2 وطبقات الداودي47/2

9- میمون بن مهران(رەحمەتی خوای لێ بێت)/تفسیر القرطبي52/14، زاناو موفتی جەزیرە بووە لە سەردەمی خۆیدا/سیر أعلام النبلاء77/5

10- حبیب بن ابي ثابت(رەحمەتی خوای لێ بێت)/رواە ابن ابي شیبة310/6، فەقیە و زانای ئەهلی کوفە بووەو لە گەورە خواپەرستەکانی بووە/سیر اعلام النبلاء288/5

11- عمرو بن شعیب بن محمد بن عبدالله بن عمرو بن العاص (رضي الله عنهما)/تفسیر ابن کثیر334/6. فەقیە و فەرمودەناسی ئەهلی طائیف بووە، بڵاو کەرەوەی زانستەکانی باپیریو راوی فەرمودەکانی بووە/سیر اعلام النبلاء165/5

12- عبدالملك بن جریج(رەحمەتی خوای لێ بێت)/البحر المحیط183/7، قوتابی عطاء بووە، پێشەواو زاناو فەقیە و مامۆستای حەرەمی مەککە بووە، وە یەکەم کەس بووە کە زانستی لە مەککە نوسیوەتەوە/سیر أعلام النبلاء325/6

13- سعید بن المسیب(رەحمەتی خوای لێ بێت)/کف الرعاع280/2 پێشەوای تابعینەکان و زانای خەڵکی مەدینە بووە، لە گەورە صەحابیەکانەوە فەرمودەی وەرگرتووە. شارەزاترین کەس بووە بە قەزاوەتەکانی پێغەمبەری خوا(ﷺ)و ئەبوبکرو عمر(رەزای خوایان لێ بێت)، وە فەتوای داوە لە کاتێکدا کە صەحابەش ئامادە بووە/سیر اعلام النبلاء217/4

جا وتنی: (ئەم ئایەتە تایبەتە بەو (لهو الحدیث)انەی کە خەڵکی پێ لە ڕێی خوا لابدرێت و بکرێتە مایەی گاڵتەکردن بە ئاینی خوا، ئەگەر مەبەستی ئەوە نەبێت ئەوە ئایەتەکە هیچ پەیوەندی پێوە نیە)!!!، ئەمە رەئێکی مامۆستا خۆیەتیو رەدی ئەمەش لە چەند لایەنێکەوەیە وەك شیخ ابن باز (رەحمەتی خوای لێ بێت)دەفەرموێت:

1- ئەمە پێچەوانەی تێگەیشتنی سەلەفی صاڵحە لە هاوەڵان و تابعین، چونکە ئەوان کردویانەتە بەڵگە لەسەر زەمی گۆرانیو ئامێرەکانیو ئەو مەرجەیان باس نەکردووە لە کاتێکدا ئەوان شارەزاترین کەس بوون بە ووتەی خواو پێغەمبەر (ﷺ).

2- رواڵەتی ئایەتەکە پێچەوانەی ئەو رایەیە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: (لیضل عن سبیل الله بغیر علم..) واتە ئەم کۆمەڵە کەسە زەم کراوەی (لهو الحدیث)یان کڕیووە تا خەڵکی سەرگەردان بکەن لە رێی خوا بە بێ زانست و بە بێ هەست ئەم کارە دەکەن و مەبەستیان گومڕاکردن نیە، چونکە ئایەتەکە وا دەفەرموێت بەم جۆرەش (ل)ی (لیضل عن سبیل الله) لامی عاقیبەت واتە سەرەنجام یان تەعلیلی قەدەریە، وە ك ابن کثیرو غەیری ئەو فەرمویانە، بەو مانایەش هەرچی ئەو کارە بکات سەرەنجامەکەی گومڕابوون و ڕێ لێ وون بوون و گاڵتەکردنە بە ڕێی خواو پشت کردنە لە ئایەتەکانی خوا بە کیبرو حیقد گەرچی هەستیشی پێ نەکات و مەبەستیشی ئەوە نەبێت، کە ئەمەش واقیع سەلماندوویەتیو هەستی پێ دەکرێت.

3-ئەگەر زەم کردنەکە مەبەست بەوانە بوایە کە بە مەبەستی گومڕاییو گومڕاکردن وا دەکەن ئەوا تایبەت کردنی (لهو الحدیث) هیچ سوودێکی نەدەبوو، چونکە ئەو کات هەر شتێکی تریشی دەگرتەوە ئەگەرچی بە لای خواوە خۆشویستراویش بووایە......./وەرگیراوە بە کورتکراوەیی لە مجموع فتاوی ومقالات متنوعە401/3-404.

ئەمە جگە لەوەی لە چەندان تەفسیردا بەو مانایە هاتووە لەوانە: ابن کثیر 451/3 وە التبیان271/8 وەجامع البیان74/21 القرطبي51/14 الدر النثور159/5 فتح القدیر234/4-236 وە چەندانی تر.

3- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَفَمِنْ هَذَا الْحَدِيثِ تَعْجَبُونَ{59} وَتَضْحَكُونَ وَلَا تَبْكُونَ{60} وَأَنتُمْ سَامِدُونَ﴾ النجم 59-61

---

ابن عباس فەرمویەتی: (هو الغناء وهي لغة أهل اليمن, اسمد لنا أي تغن لنا)/رواه الطبري 82/13 وابن ابي الدنيا 13 والبزاز3/ 72 والبيهقي223/10 وابن الجوزي231

واتە: بریتییە لە گۆرانی, وە ئەمە زاراوەوی خەڵکی یەمەنە, کە دەڵێن (أسمد لنا) واتە: گۆرانیمان بۆ بڵێ.

هەروەها ئەمانەش بەهەمان مانا تەفسیریان کردووە: موجاهید/تلبیس ابلیس231, وەعکرمة/رواه الطبري82/13 وسعید وابن حمید الدر المنثور 667/7, وەالضحاك/رواه الطبري 83/13 .

3- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ الزُّورَ وَإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ مَرُّوا كِرَاماً﴾ سورة الفرقان/ 72

لە محمدی کوری حەنیفەوە(رەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی ئەم ئایەتە فەرمویەتی: **(هو الغناء واللهو)./الدر المنثور283/6** واتە: بریتییە لە گۆرانیو شتی بێ سوود.

ئێستا دوای هێنانی ووتەی ئەو هەموو هاوەڵ و زانا بەرێزو ئەستێرانەی ئاسمانی ئوممەتی ئیسلامی لەسەر تەفسیری ئایەتەکان دەرکەوت ئەو ووتەیەی مامۆستا کە لە ئەڵقەی (8)دا دەڵێ: (هیچ ئایەتێك لە قورئاندا نییە بگونجێ بکرێتە بەڵگەی قەدەغە بوونی گۆرانیو مۆسیقا!!!)...تا چەندێك تەواوە.

## لە فەرموودەدا

1- عن أبي عامر-أو أبي مالك- الأشعري قال: (ليكونن من أمتي أقوام يستحلون الحر والحرير والخمر والمعازف, ولينزلن أقوام الى جنب عَلَم, يروح عليهم بسارحة لهم, يأتيهم لحاجة, فيقولون: ارجع الينا غدا, فيبيتهم الله ويضع العلم ويمسخ الآخرين قردة وخنازير الى يوم القيامة). رواه البخاري في الصحيح معلقا(51/10) ووصله البيهقي في السنن الكبر (272/3) والطبراني في المعجم الكبير (319/3)وابن حبان في الصحيح (265/8، 266) وصححه ابن الصلاح في علوم الحديث (32)وابن القيم في إغاثة اللهفان (255) وتهذيب السنن (270/5 ـ 272) والحافظ في الفتح (51/10)والألباني في الصحيحة (140/1).

واتە: لە ناو ئوممەتەکەی مندا چەند کۆمەڵێك پەیدا دەبن: زیناو ئاوریشم و شەراب(مەی)و ئامێرەکانی مۆسیقا حەڵاڵ دەکەن, وە چەند کۆمەڵێکیش لە تەنیشت شاخێك دادەبەزن, پیاوی هەژارو نەدار سەریان لێ دەدات بۆ پێویستییەك, ئەوانیش ئەڵێن بڕۆ بەیانی سەرمان لێ بدەرەوە, ئیتر ئەو شەوە خوای گەورە شاخەکە دەڕمێنێ بەسەریانداو کۆمەڵێکی تریش دەخاتە شێوەی مەیمون و بەراز هەتا رۆژی دوایی.

بەڵام مامۆستا لە ماناکردنی فەرمودەکەدا ووشەی: (العَلَم)ی بە ئاڵا کردووە کە لێرەدا مەبەست پێی شاخە, (ويضع العَلَم) واتە: شاخەکە دەتەپێت بەسەریاندا نەك ئاڵاکە دەکەوێت./بروانە فتح الباري في شرح صحيح البخاري ابن حجر, وە النهاية في غريب الحديث والأثر, ابن الأثير.

ئەگەر بە ووردی سەرنج بدەین لەم فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) کە لە باسی نیشانەکانی قیامەتدا باسی فەرمووە دەبینین وەك مانگی چواردە بە ڕوونی هاتووەتە دی, وە نەك تەنها مۆسیقا بگرە ئەو گوناهانەی تریش لە لایەن هەندێك لە خەڵکانەوە حەڵاڵ کراوە, بۆ نمونە زیناو داوێن پیسی ناودەبرێت بە ئازادی شەخصی, یان وتراوە ئاوریشم کاتێك حەرامە کە بەر لەش بکەوێت و لە ژێرەوە لەبەر بکرێت, وە دەوترێت: مەی بۆ نەخۆشیو ناتەواوی گورچیلەکان باشە!! کە بێ گومان شیفا لە حەرام کراوەکاندا نییە, وە لە هەندێ کتێبە فیقهییەکاندا هاتووە کە دەڵێ: شەرابێك لە ترێ دروست کرێت کەم و زۆری حەرامە, بەڵام ئەگەر لە خورما, یان غەیری ترێ بێت کەمی حەرام نییە بەڵکو زۆرەکەی حەرامە, کە دیارە هەموو ئەمانەش بە تەئویلاتی بەتاڵ و نابەجێ!!!/بروانە تحريم آلات الطرب ص93.

ئەوەتا سەبارەت بە مۆسیقاش نەك تاکی خەڵکی بەڵکو چەندان کۆمەڵە کەس هەن لە ناو ئەم ئوممەتەشدان و بە فتواو تەئویلی هەڵەیان بە ڕەواو حەڵاڵی دەزانن. کە ئەمە زیاتر ڕاستگۆیی پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) دەردەخات لە هەموو ئەو هەواڵانەیدا کە فەرموویەتی..

شێخی ئیسلام ابن تیمیە (رەحمەتی خوای لێ بێت)دەفەرموێت: (والآلات المنهية قد صح فيها ما رواه البخاري في صحيحه تعليقا مجزوما به, داخلا في شرطه)الأستقامة 294/1.

واتە: دەربارەی ئامێرە مۆسیقاییە قەدەغەکراوەکان فەرمودەکەی بوخاری بە صەحیحی لەسەری هاتووە....

وە ابن صلاح ی شارەزووری(رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: ( والحديث صحيح معروف الأتصال بشرط الصحيح) مقدمة علوم الحديث ص72-73 وانظر فتح الباري52/10

واتە: ئەم فەرمودەیە صەحیحەو هەموو سەنەدەکانی ناسراوو گەشتوو بەیەکن بە مەرجی صەحیح..

پاشان رەخنە گرتنی بە حەڵاڵ دانەرانی مۆسیقا لەم فەرمودەیە لە خودی هشام بن عمار نیە وەك مامۆستا دەفەرموێت, بەڵکو دەڵێن لە نێوان بوخاری و صدقە بن خالد دا پچڕاویەك هەیە/(المحلى)ی ابن حزم59/9, وە زانایان ڕەددی ئەم شوبهەیەیان داوەتەوە وەك الحافظ لە (تغليق التعليق) 21/5–22 دەفەرموێت: (وهذا حديث صحيح لا علة له ولا مطعن فيه...).

واتە: ئەم فەرمودەیە صەحیحەو لەسەنەدەکەیدا هیچ نوقسانیو عەیبی تێدا نیە..

وە ئیبن القیم ڕەددی ئیبن حەزمی لە شەش ڕووەوە داوەتەوە/بڕوانە تهذيب السنن270/5–272.

وە ووشەی (يَستَحِلُّونَ)لەم فەرمودەیەدا وەك زانایان فەرمویانە مەبەست پێی (حەڵاڵی دەکەن)دەگەیەنێت کە دواتر ڕوونی دەکەینەوە, نەك ئەو ڕاڤە شازە تەئویل کراوەی مامۆستا کە گوایە (بریتیە لە کردنی کارێکی حەرام بێ گوێ دانە قەدەغە بوونی..) کە ئەگەر ئەمەش بێت هەر مەبەست لێی ئەوەیە کە دیارە قەدەغەو حەرامە بۆیە لۆمەی بکەرەکەی کراوە!!

وە ئەمەش هیچ ئیشکال دروست ناکات لەگەڵ (ليكونن من أمتي...) چونکە ئەو جۆرە کەسانە بە تەئویل حەڵاڵی دەکەن بە بێ زانست (وەك دەردەکەوێت لەو فتوا هەڵەیەی ئەوانەی تێ کەوتوون لە بە حەڵاڵ زانینی مۆسیقا) چونکە دیارە بە بێ گومان هەرکەسێك حەرامێك حەڵاڵ بکات یان حەڵاڵێك حەرام بکات (بەو مەرجەی بە نەزانی نەبێت و تەئویلکەر نەبێت) ئەوا پێی کافر دەبێت./بڕوانە شرح العقيدة الطحاوية.

ئەمەش ڕاڤەی زانایانی پایە بەرزی وەك ابن تیمیەیە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) کە دەفەرموێت: (لعل الأستحلال المذكور في الحديث انما هو <u>بالتأويلات الفاسدة</u>, فأنهم لو استحلوها مع الأعتقاد ان الرسول حرمها كانوا كفارا, ولم يكونوا من أمته, <u>واستحلالهم المعازف بأعتقادهم ان آلات اللهو مجرد صوت فيه لذة وهذا لا يحرم كألحان الطيور</u>). ابطال التحليل ص21–22.

واتە: ئەگونجێ ئەو حەڵاڵ کردنەی لە فەرمودەکەدا هاتووە بریتی بێت لە بە حەڵاڵ زانینی بە هۆی تەئویلاتی فاسیدەوە, چونکە ئەگەر بە حەڵاڵی بزانن و بڕواشیان وابێت کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) حەرامی کردووە ئەوا پێی کافر دەبن و لە ئوممەتەکەی دەردەچن, وە بە حەڵاڵزانینیان بۆ مۆسیقا ئەوەیە کە باوەڕیان وایە ئامێرەکانی سەرگەرمی تەنها دەنگێکی خۆشەو چێژی تێدایەو ئەمەش حەرام نیەو هەر وەك دەنگی باڵندەکان وایە..

وە شیخ علي القاري دەفەرموێت: ( والمعنى: يعدون هذه المحرمات حلالات <u>بأيراد شبهات وأدلة واهيات</u>....) المرقاة 106/5.

واتە: ماناکەی ئەوەیە کە ئەوان ئەم حەرامکراوانە بە حەڵاڵ دەزانن بە هۆی هێنانەوەی چەند شوبهەو بەڵگەیەکی بێ هێزو پێز..

ئەم وەڵامە جوانە پڕاوپڕ ئەو گومان و تەئویلاتانە هەڵدەوەشێنێتەوە کە دەڵێن: (مۆسیقا وەك دەنگی باڵندەو خوڕەی ئاوو ئەو دەنگە خۆشانەیەو حەرام نیە..) یان (لەبەر ئەوەی کراونەتە هۆکاری گوناه و خراپ حەرامە) یان (تەنها مۆسیقای ووروژێنەر حەرامە) یان دەڵێن: (مۆسیقایەك کە ئەو تاوانانەی تریشی لەگەڵ ئەنجام بدرێت حەرامە وەك زیناو ئاوریشم و شەراب..).

لەم بارەشەوە ئیمامی شەوکانی(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) وەڵام دەداتەوەو دەفەرموێت: (ويجاب بأن الأقتران لا يدل على أن المحرم هو الجمع فقط, والا لزم أن الزنا المصرح به في الحديث لا يحرم الا عند شرب الخمر واستعمال المعازف, واللازم باطل بالأجماع, فالملزوم مثله........فان قيل: تحريم مثل هذه الأمور المذكورة في الألزام قد علم من دليل آخر, فيجاب بان تحريم المعازف قد علم من دليل آخر أيضا كما سلف....) نيل الأوطار 85/8

واتە: وەڵامی ئەمەش بەوە دەدرێتەوە کە هاتنی ئەم تاوانانە بەیەکەوە بەڵگە نیە لەسەر ئەوەی کە تەنها لە کاتێکدا حەرامن کە بەیەکەوە ئەنجام بدرێن, چونکە گەر وابووایە دەبوو بوترایە (زینا) کە لە فەرمودەکەدا هاتووە بە تەنها حەرام نیە مەگەر خواردنەوەی مەیو ئامێری مۆسیقای لەگەڵ بەکاربهێنرێت,! کە ئەمە بەتاڵە... خۆ ئەگەر بوترێت: حەرامێتی ئەو شتانەی لەگەڵی هاتوون بە هۆی بەڵگەی ترەوە زانراوە, ئەوا وەڵامی ئەمەش ئەوەیە کە <u>حەرامێتی ئامێرەکانی مۆسیقاش بە هۆی بەڵگەی ترەوە زانراوە</u>..وەك پێشتر باس کرا.

دیارە ئەمەش وەڵامە بۆ ئەو ڕستەیەی تری مامۆستا کە دەڵێ : (.... بەڵام هیچ بەڵگەیەکی سەربەخۆ لەسەر حەرام بونی گۆرانیو مۆسیقا نیە!!!!).

2–عن انس بن مالك (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله(ﷺ): (صوتان ملعونان في الدنيا والآخرة: مزمار عند نعمة, ورنة (وفي رواية: وصوت ويل) عند مصيبة) أخرجه البزار 795/377/1 وقال المنذري: رجاله ثقات 177/4 وتبعه الهيثمي 13/3 وقال الألباني: فالأسناد حسن بل هو صحيح بالتالي....وانظر الصحيحة(427).

واتە: دوو دەنگ لە دونیاو قیامەتدا نەفرەت لێکراون: جوزەلەو مۆسیقا لێدان لەکاتی خۆشیو هاوارو شین لە کاتی موسیبەتدا.

ئیبن تەیمیە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (هذا الحديث من أجود مايحتج به على تحريم الغناء.....) الأستقامة 292/1–

واتە: ئەم فەرمودەیە لە چاکترین ئەو بەڵگانەیە کە دەهێنرێتەوە لەسەر حەرامێتی گۆرانی.

3- عن عبدالله بن عباس (رضي الله عنه) قال: قال رسول الله (ﷺ): (ان الله حرم علي -أو حرم- الخمر والميسر والكوبة وكل مسكر حرام) أخرجه ابوداود 3696 والبيهقي 221/10 وأحمد وأبو يعلى وابن حبان في صحيحه. قال سفيان: قلت لعلي بن بذيمة: ما الكوبة؟ قال: الطبل.

واتە: خوای گەورە حەرامی کردووە لەسەرم -یان ئەمانەی حەرام کردووە-: مەیو قومارو تەپڵ(کە یەکێکە لە ئامێرەکانی مۆسیقاو کەم گۆرانی هەیە تێیدا نەبێت). وە هەموو هۆش بەرێکیش حەرامە.

وە (الكوبة)ش بریتییە لە تەپڵ وەك عەلی کوری بذیمة کە راوی فەرمودەکەیە فەرمویەتی, کە وەك زانراویشە راوی فەرموودە لە هەموو کەس شارەزاترە بە مانای لەفزەکانی ناو فەرموودەکە, هەروەها ئیبن عباس و ابن عمر (رەزای خوایان لێ بێت) بە تەپڵ مانایان کردووە, هەروەها ئیمامی ئەحمەدو ابن القیم(رەحمەتی خوایان لێ بێت) لە (الإغاثة)دا, ئیمامی الخطابي (رەحمەتی خوای لێ بێت)فەرمویەتی: (وە -الكوبة- مانادەکرێت بە تەپڵ, وە ووتراوە بریتییە لە (زار), وە هەر ئامێرێکی ژێدارو مۆسیقایی لە ئامێرەکانی سەرقاڵیو گۆرانی دەگرێتەوە). المعالم268/5

وە چەند ووتەیەکی تریش ووتراوە لە ماناکەیدا کە شیخ احمد شاکر هێناویەتی لە تەعلیقیدا لەسەر (المسند)76/10, پاشان فەرمویەتی: (وە لە هەموو ئەم مانایانەدا چاکترین و گشتگیرترینیان بریتییە لە ووتەکەی ئیمامی ئەحمەد کە لە کیتابی (الأشربة)دا (لاپەرە214/84)کە فەرمویەتی: مەبەست بە (الكوبة) هەرشتێکە بە دەست لێی بدرێت)و پیای بکێشرێت/تحریم آلات الطرب ص78.

4- عن عبدالله بن عمرو بن العاص (رضي الله عنهما) أن رسول الله(ﷺ) قال: (ان الله عزوجل حرم الخمر والميسر والكوبة والغبيراء وكل مسكر حرام). أخرجه أبوداود 3685 والبيهقي وأحمد وغيره.

واتە: بێ گومان خوای پەروەردگار: مەی و قومارو تەپڵ و (الغبيراء) کە (جۆرە شەرابێکی سەرخۆشکەرە حەبەشییەکان لە گەنمەشامی دروستیان دەکرد), هەموو ئەمانەی حەرام کردووە, وە هەموو هۆشبەرو سەرخۆشکەرێکیش حەرامە.

5- عن سهل بن سعد أن رسول الله (ﷺ) قال: ( سيكون في آخر الزمان خسف و قذف و مسخ, قيل: ومتى ذلك يارسول الله ؟ قال: اذا أظهرت المعازف, والقينات). روى ابن ماجه في سننه طرفا من اوله1350/2 والطبراني وغيره وقال الألباني صحيح. انظر صحيح الجامع الصغير (3559)216/3.

واتە: لە ئاخر زەماندا دیاردەی رۆچوونی زەویو بەردباران کردن لە ئاسمانەوەو گۆرینی شێوەی مرۆڤەکان بۆ ئاژەڵ روو ئەدات, وتیان: ئەمە کەی روو دەدات ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)؟ فەرمووی: ئەو کاتەی ئامێرەکانی مۆسیقاو ئافرەتانی گۆرانی بێژ دەرکەوتن.

6-عن أبي أمامة قال: قال رسول الله (ﷺ): (لا يحل بيع المغنيات , ولا شراؤهن, ولا تجارة فيهن, وثمنهن حرام-وقال-: انما نزلت هذه الآية في ذلك: (ومن الناس من يشتري لهو الحديث..) حتى فرغ من الآية, ثم أتبعها: والذي بعثني بالحق ما رفع رجل عقيرته بالغناء, الا بعث الله عزوجل عند ذلك شيطانين يرتقيان على عاتقيه, ثم لايزالان يضربان بأرجلهما على صدره- وأشار الى صدر نفسه- حتى يكون هو الذي يسكت).أخرجه الطبراني في المعجم الكبير 7749.وأنظر كتاب اسباب النزول189

واتە: حەڵاڵ نییە فرۆشتنی ئافرەتانی گۆرانی بێژ, هەروەها کرین و بازرگانی کردن پێیانەوە, وە نرخەکەشیان حەرامە, وە فەرموی: ئەم ئایەتە لەسەر ئەوە دابەزیوە: (ومن الناس من يشتري لهو الحديث..)تا تەواوی کرد. پاشان فەرموی: سوێند بەو خوایەی منی بە هەق رەوانەکردووە هیچ پیاوێك نییە کە دەنگی بەرز بکاتەوە بە گۆرانی ووتنەوە ئیلا خوای گەورە لەو کاتەدا دوو شەیتانی بۆ دەنێرێ سوار شانەکانی دەبن, پاشان بە بەردەوامی قاچیان دەدەن بە سنگیدا-وە بەدەستی پیرۆزی ئاماژەی بۆ سنگی خۆی کرد- هەتا بێدەنگ دەبێت بەردەوام وای لێ دەکەن.

ئەمانەو چەندان فەرموودەی تر کە بۆیە ئەوانی ترمان نەهێنا لەبەر ئەوەی زانایان مشت و مرێکیان هەیە لەسەر پلەی صەحیحیان, بەڵام بە هەموویان یەکتر بەهێز دەکەن و ئاماژەی ئەوەی لێ وەردەگیرێت کە ئامێرەکانی مۆسیقا یەکێکە لە شتە حەرامکراوەکان. وەك زانایانیش فەرمویانە تەنها فەرموودەی یەکەم کافییە بۆ سەلماندنی حەرامێتی ئامێرەکانی مۆسیقا.

وە هەر لەسەر ئەم فەرمودانەو چەندانی تریش ئیبن حەزم(رەحمەتی خوای لێ بێت) مەجالێکی هێشتۆتەوەو عوزری بۆ خۆی بریارداوە کە موجتەهیدەو هەر ئەوەندەی پێ گەیشتووە لە زانست بەوەی فەرمویەتی: ( ووالله لو أسند جميعه أو وأحد منه فأكثر

من طريق الثقات الى رسول الله (ﷺ) لما ترددنا في الأخذ به) المحلى 59/9.

واتە: سوێند بە خوا ئەگەر هەموویان یان یەك دانەو زیاتر لەم فەرموودانە سەنەدیان لە ڕێگەی کەسانی جێ سیقەوە تا دەگاتە پێغەمبەری خوا(ﷺ) پێ بگەیشتایە, ئەوا هیچ دوودڵ نەدەبووین لە وەرگرتنیو کار پێ کردنی.

کە دیارە زانستی ئیبن حەزم(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەوەندە بووە, بەڵام بۆ ئێمە کە هەموو بەڵگەکانمان لەبەر دەستدایەو زانایان ڕوونیان کردۆتەوە کە بێ گومان فەرمودەکان صەحیحن هیچ عوزرێکمان نییە.

## چەند تێبینییەك:

*خاڵێکی زۆر هەڵەی زەقی تر تەرجەمەی ووشەیی وەرگێڕانی ئەو فەرمودەیەیە کە باس لە یاری کردنی حەبەشییەکان دەکات لە جەژنداو لە ناو مزگەوتدا!!! کە مامۆستا لە یەکێك لە ریوایەتەکانیدا ووشەی (..حبشية تزفن..)ی بە ئافرەتێکی حەبەشی بوو هەڵدەپەڕی). کردووە!!! کە ئەمەش وا دەگەیەنێت کە گوایە دروستە ئافرەتی باڵغ گۆرانی بڵێ!!! وە هەڵیش پەڕێت!!! لە ناو مزگەوتیشدا!!! چونکە وەك لە هەندێك ریوایەتەکاندا دەردەکەوێت ئەمەیان لە حەوشەی مزگەوتدا ئەنجام داوە, وەك لەبەشی حەوتەم و ئەڵقەی بیست و سێدا –زۆر بە داخەوە– ئەم فەرمودەیەی کردۆتە بەڵگەی ڕەوایەتی هەڵپەڕین! ئایا ئەگەر ئەمە وەك ئەم هەڵپەڕکێیەی ئەمڕۆ بوبێت و پێغەمبەری خواش(ﷺ) تەماشای کردبێت و هانی عائیشەشی دابێت بۆ تەماشاکردنی, ئایا ئەمە بەهانە دانە دەست ئەوانە نییە کە بە دوای بیانودا دەگەڕێن بۆ ڕەوایەتی دان بە شایی و سێ پێیی ڕەش بەڵەك و تێکەڵاوی؟؟!! ئەمە چ تەرجەمەو شەرحێکە ئەگەر ئاوا ڕاڤەی بکەین لە خۆمانەوە. ئایا ئەم حاڵەتە دژ بەم ئایەتە نییە: ﴿....وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ ....﴾ سورەتی النور/31.؟؟ ئایا لە جیاتی ئەوەی بوترێت: لەوانەیە ئەو ئافرەتە پۆشتەو پەرداخ بوبێت و جوڵەی وورووژێنەری نەکردبێت!!!, بوترێت ئەوە منداڵێکی جاریەی نابالغ بووە لە گەڵیان و ئەو یاری کردنەشیان بریتی نەبووە لە ڕەقص, ڕاسترو تەواوتر نییە, وێڕای بوونی ئیشکال لە صەحیحێتی ئەم ریوایەتەیدا چونکە ئیمامی الترمذی ریوایەتی کردووەو پاش فەرمودەکە فەرمویەتی: (هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ غَرِيبٌ من هَذَا الوَجْهِ).!!

پاشان لەمڕۆدا کە هەموو پلانەکان خراونەتە گەڕ بۆ لێدانی ڕەوشت و ئاکاری جوانی خوشکانمان و ڕاپێچکردنیان بەرەو زەلکاوی گومڕاییو شەهوەت بازی هیچ شتێك نەماوە ئافرەتان و خوشکانی خۆمانی لەسەر گۆش بکەین و فێربکەین گۆرانیو هەڵپەڕکێ نەبێت؟؟!!!

جا بۆ ئەم حاڵەتەی لە فەرمودەکەدا هاتووە: سەرەتا لە کۆی ریوایەتەکاندا دەردەکەوێت کە ئەوانە کۆمەڵە گەنجێکی ڕەش پێستی حەبەشی بوون لە کاتی گەیشتنی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بۆ مەدینە یان جەژنەکاندا ئەمەیان کردووە. وە بە هیچ شێوەیەك باسی گۆرانی تێدا نەهاتووە, وە هەڵپەڕکێ کەشیان بریتی بووە لە نمایشی یاری کردن بە ڕم و بە شێوەی دەرخستنی تواناو هێزو تەشجیعی خەڵکی بووە لەسەر هێزو ڕمبازیو جیهاد کردن نەك ئەم جۆرە هەڵپەڕکێیانەی ئەمڕۆ.

چونکە ئیمامی بوخاری فەرمودەکەی لە ژێر ئەم ناونیشانەدا هێناوە: (باب الحراب والدرق يوم العيد). واتە: بابەتێك لەسەر ڕم و چەك بەکارهێنان لە جەژندا.

الزين بن المنير فەرمویەتی: (سماه لعبا وإن كان أصله التدريب على الحرب وهو من الجد لما فيه من شبة اللعب لكونه يقصد إلى الطعن ولا يفعله ويوهم بذلك قرنه ولو كان أباه أو ابنه...)/ فتح الباري كتاب العيدين 907

واتە: ناوی بردووە بە یاری, لەگەڵ ئەوەی لە بنچینەدا بریتی بووە لە ڕاهێنان و تەدریبکردن لەسەر شێوازی جەنگ کە خۆ سازکردنە, لەبەر ئەوەی لە رووالەتدا لە یاری کردن دەچێت چونکە وا دەردەکەوێت دەیەوێت بە ڕمەکەی لە کەسی بەرامبەری بدات, کەچی لێی نادات..

ئیمامی نەوەوی(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (فيه جواز اللعب بالسلاح ونحوه من آلات الحرب في المسجد, ويلتحق به ما في معناه من الأسباب المعينة على الجهاد).شرح صحيح مسلم184/6

واتە: لەم فەرمودەیەدا بەڵگەی دروستی یاری کردنی تێدایە بە چەك و هاوشێوەکانی لە ئامێرەکانی جەنگ کردن لە ناو مزگەوتدا, وە هەر هۆکارێکی تریش دەگرێتەوە کە یارمەتی دەر بێت لەسەر جیهادکردن.

ابن حجر(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (واستدل به على جواز اللعب بالسلاح عن طريق التواثب للتدريب على الحرب والتنشيط عليه, واستنبط منه جواز الثاقفة لما فيه من تمرين الأيدي على آلات الحرب).فتح الباري304/2.

واتە: ئەمە بەڵگەی ئەوەی لێوەردەگیرێت کە یاریو مەشق کردن بە چەك دروستە بە شێوەی نمایش بۆ خۆسازکردن و خۆچالاك

کردن بۆ جەنگ,...

*فەرموودەی گوێ نەگرتنی ابن عمر(ڕەزای خوای لێ بێت) بۆ شمشاڵی شوانەکە زۆر بە ڕوونی حەرامێتی مۆسیقاو شمشاڵ دەردەخات. ئەو پرسیارانەش کە مامۆستا دەڵێت بێ وەڵامە هەر زوو وەڵام دراونەتەوە:

1–بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) بۆ شوانەکەی روون نەکردۆتەوە ئەگونجێ شوانەکە دیار نەبووبێ‌و پێغەمبەر (ﷺ) تەنها دەنگەکەی بیستبێت.

2– بۆیە نەهی لە ابن عمر نەکرد ئەویش نەهی لە نافع نەکرد چونکە ئەوکات ابن عمرو بە هەمان شێوە نافع منداڵ بون و تەکلیفیان لەسەر نەبووە.

3– پاشان گوێگرتن بە مەبەستەوە جیایە لە گوێ لێبوون و بیستنی بێ مەبەست–وەك دواتر باس دەکرێت–.

4– وەك هەندێك لە زانایان دەفەرموون: ئەگونجێت ئەم ڕووداوە پێش ئەو فەرموودانە بوبێت کە ئامێرەکانی مۆسیقا حەرام دەکەن. هەر وەك چۆن پێش حەرام بوونی مەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە شاری مەککەدا بووەو خەڵکی مەی‌یان خواردۆتەوەو ئەویش ئینکاری نەکردوون.

**<u>ووتەی هاوەڵانی بەڕێزو تابعینیان لە سێ سەدە پڕخێرەکە</u>**

کە هەندێك لەم ووتانە حوکمی مەرفوعی هەیە چونکە بە بۆچونی خۆ ناوترێت:

1–ئەبو بەکری صدیق (ڕەزای خوای لێ بێت) کاتێ بینی دوو جاریە بچوکەکە دەف لێ دەدەن و گۆرانی دەڵێن تێی خوڕین و فەرموی: (مزمور الشیطان)جوزەلەی شەیتان, وە پێغەمبەری خواش(ﷺ) ئیقراری کردو نەیفەرموو وا نیە /رواه البخاري2/440 و 445 و 474 ومسلم6/182.

2– عومەری کوری خەتتاب (ڕەزای خوای لێ بێت) کاتێ گوێی لە دەنگی گۆرانی یان دەف لێدان بووایە دەیفەرمو: ئەوە چی‌یە؟ ئەگەر بیانوتایە شایی یان خەتەنەکردنە, بێدەنگ دەبوو/رواه عبدالرزاق11/5 وابن ابي شيبة4/192

3– عوسمانی کوری عەففان(ڕەزای خوای لێ بێت)–باسی فەزڵی خوای گەورە دەکات بەسەری‌یەوە کە نەکەوتۆتە ناو ئەم تاوانەوە– دەفەرموێت: (ماتغنيت ولا تمنيت). واتە: نە گۆرانیم ووتوە نە ئاواتم بۆ خواستووە/رواه ابن ابي عاصم2/595 والبسوي2/488 والطبراني1/85

4– لە عبداللەی کوری مەسعودەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (اذا ركب الرجل الدابة ولم يسم الله تعالى ردفه الشيطان وقال له: تغن, فان كان لا يحسن قال له: تمنه)/رواه عبدالرزاق10/397 واسناده صحيح والطبراني9/170 وابن ابي الدنيا 14.

واتە: کاتێ کەسێك سوار وڵاغ دەبێت و ناوی خوای گەورە نابات شەیتان لە دوایەوە سوار دەبێت و پێی دەڵێت: گۆرانی بڵێ, خۆ ئەگەر گۆرانی ووتن نەزانێت پێی دەڵێ: دە ئاواتی بۆ بخوازە.

وە فەرمویەتی: (الغناء ينبت النفاق في القلب كما ينبت الماء الزرع, والذكر ينبت الأيمان في القلب كما ينبت الماء الزرع)/رواه ابن ابي الدنيا 13 والبيهقي10/223

واتە: گۆرانی دووڕویی لە دڵدا دەڕوێنێت هەروەك چۆن ئاو ڕووەك دەڕوێنێ, وە یادی خوای گەورەش ئیمان لە دڵدا دەڕوێنێت هەر وەك چۆن ئاو ڕووەك دەڕوێنێ‌و شینی دەکات.

وە فەرمویەتی: (الغناء خطبة الزنا)/نزهة الأسماع66 واتە: گۆرانی ڕاکێشەری زینایە.

5– ئەنەس (ڕەزای خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (أخبث الكسب كسب الزمارة)/رواه ابن ابي الدنيا30 واتە: پیس ترین کابی کاسبی جوزەلەو مۆسیقا لێدەرە.

6– وە ئیبن عمر (ڕەزای خوای لێ بێت) بە لای کۆمەڵێکدا تێپەڕی کە لە ئیحرامدا بوون و پیاوێکیان تیابوو گۆرانی دەوت. فەرمووی: (ألا لاسمع الله لكم, ألا لاسمع الله لكم)/رواه ابن ابي الدنيا16 واتە: دەك خوا لێتان وەرنەگرێت.

وە دای بە لای جاری‌یەیەکی بچوکدا کە گۆرانی دەووت, فەرموی: (لو ترك الشيطان احدا لترك هذه)/رواه البخاري في الأدب2/245 وابن ابي الدنيا16.

واتە: ئەگەر شەیتان وازی لە یەکێك بهێنایە ئەوا وازی لەم منداڵە دەهێنا.

7– وەکیعی کوڕی جەڕراح (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (خذ الطنبور فاكسره على رأس صاحبه كما فعل ابن عمر رضي الله عنهما)/رواه الخلال 126

واتە: (طَنبور)ەکە لە دەستی بسەنەو لە سەری خاوەنەکەی‌دا بشکێنە هەر وەك چۆن عبداللەی کوری عمر (ڕەزای خوای لێ بێت) وای

كرد.

(الطنبور) ئامێرێكی ژێداره له (عود) دهچێت.

8– سویدی كوری غهفله (رهزای خوای لێ بێت) فهرمویهتی: (مهلائیكهت ناچێته ماڵێكهوه دهفی تێدا بێت)/رواه ابن ابي شيبة193/4 وابن ابي الدنيا36.

9–عائیشه (رهزای خوای لێ بێت) دای به لای پیاوێكدا له ماڵێكدا گۆرانی دهوت و سهری دهلهقاند فهرموی: (أف, شیطان, أخرجوه, أخرجوه)واته: ئۆف شهیتان, بیكهنه دهرهوه, بیكهنه دهرهوه, ئهوانیش دهریان كرده دهرهوه/رواه البخاري في الأدب646/2 والبيهقي 223/10

10–عبدالله ی كوری عمرو (رهزای خوای لێ بێت), وه كهعبی الأحبار (رهحمهتی خوای لێ بێت) فهرمویانه: (ان هذه الآية: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلاَمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾هي في التوراة: ان الله عزوجل نزل الحق ليذهب به الباطل, ويبطل به اللعب والمعازف والمزهر والزفن والزمارات والكنارات.....الأثر).رواه ابو عبيد 277/4 والآجري 117 والبيهقي222/10 وصحح ابن كثير اسناده178/3.

واته: ئهم ئایهته: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلاَمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾ له تهوراتدا بهم جۆره هاتووه: خوای گهوره حهقی دابهزاندووه تا بههۆیهوه ههق له ناوبهرێت, وه تا به هۆیهوه یاریو ئامێرو جۆرهكانی مۆسیقا بهتاڵ بكاتهوه پێی.

11– ابن عباس (رهزای خوایان لێ بێت) فهرمویهتی: (الدف حَرام ، والمعازف حرام ، والكُوبة حرام ، والمزمار حرام). رواه البيهقي222/10 ، وقال الألباني: إسناد صحيح.

واته: دهف حهرامه, ئامێرهكانی مۆسیقا حهرامه, تهپڵ حهرامه, جوزهلهو شمشاڵ حهرامه.

* ئیتر نازانم لهم دهقه روونترو راشكاوانهتر لهسهر حهرامێتی ئامێرهكانی مۆسیقا به ژێدارو لێدراوو فووپێداكراوو ئهلكترۆنییهكان چییه, كه لهم دهقهدا ابن عباس(رهزای خوای لێ بێت) هاوهڵی بهرێزو موفهسیرو تهرجومانی قورئان ههموویانی باس كردووه.

12 - عوقبهی كوری عامر(رهزای خوای لێ بێت) فهرمویهتی: (ايما راكب قرأ كان ردفه ملك, وأيما راكب تغنى كان ردفه شيطان)/التذكار للقرطبي25

واته: ههر سوارییهك قورئانی خوێند مهلائیكهت له دوایهوه سوار دهبێت, وه ههر سوارێكیش گۆرانی ووت شهیتانێك له دوایهوه سوار دهبێت.

**13** - ثابتی كوری وهدیعهو قرضهی كوری كهعب (رهزای خوایان لێ بێت) فهرمویانه: (انه قد رخص في الغناء عند العرس)/رواه ابن ابي شيبة193/4.

واته: گۆرانییهك رووخسهتدراوه كه بۆ كاتی شاییو گواستنهوه بێت.

14–محمدی كوری منكدر و موجاهد (رهحمهتی خوایان لێ بێت) فهرمویانه: (اذا كان يوم القيامة ينادي: أين الذين كانوا ينزهون أسماعهم وأنفسهم عن اللهو ومزامير الشيطان؟ اسكنوهم رياض المسك, ثم يقول للملائكة: أسمعهم حمدي وثنائي, وأعلموهم: ألا خوف عليهم ولا هم يحزنون)/رواه ابن أبي الدنيا32 والآجري 130 وأبو نعيم151/3

واته: له رۆژی دواییدا بانگدهكات: كوان ئهوانهی له دونیادا بیستن و نهفسی خۆیان گرتۆتهوه له شتی بهتاڵ و دهنگهكانی شهیتان؟ بیانخهنه ناو باخچهكانی میسكهوه. پاشان به مهلائیكهتهكان دهفهرموێت: حهمدو سهنای منیان پێ ببیستن, وه پێیان رابگهیهنن: كه نه ترس و نه خهفهتیان لهسهر نییه.

**15** -زين العابدين (رهحمهتی خوای لێ بێت) فهرمویهتی: (ما قدست أمة فيها البربط)/رواه ابن ابي الدنيا24

واته: هیچ نهتهوهیهك پایهدار نابێت كه ئامێری (البربط)ی تێدا بێت.

16 -رافعی كوری حهفصی مهدهنی (رهحمهتی خوای لێ بێت) فهرمویهتی: (أربعة لا ينظر الله اليهم يوم القيامة: الساحرة, والنائحة, والمغنية, والخائنة لبعلها)/رواه ابن ابي الدنيا 23

واته: چوار كۆمهڵ ههن خوای گهوره له رۆژی دواییدا تهماشایان ناكات: ئافرهتانی: جادووگهر, شین و شهپۆركهر, گۆرانیبێژ, خیانهتكار له مێردهكهی.

17- ابراهیمی النخعی(رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (الغناء ینبت النفاق في القلب)/رواه عبدالرزاق4/11
واتە: گۆرانی دوورویی لە دڵدا دەڕوێنێت.
وە فەرمویەتی: هاوەڵانی ابن مسعود (رەزای خوای لێ بێت) شیشیان هەڵدەگرت و بە نوکەکەی ئەو دەفانەیان پێ کون دەکرد کە بە جارییەکانە)/رواه ابن ابي شیبة194/4
18-پیاوێك پرسیاری لە قاسمی کوری محمد کرد(رەحمەتی خوای لێ بێت) لە بارەی گۆرانیەوە: کە ئایا حەرامە؟ ئەویش فەرموی: ئەگەر خوای گەورە حەق و بەتاڵی جیا کردبێتەوە ئایا گۆرانی لە کامیانە؟ ئەویش ووتی: لە بەتاڵە. فەرموی: ئەوەیانە/رواه البیهقي 224/10 أنظر الکلام عن مسألة السماع302
19- سعیدی کوری مسیب(رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (اني لأبغض الغناء)/رواه عبدالرزاق6/11 واتە: من ڕقم لە گۆرانیە.
20- حەسەنی بەصری(رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (صوتان فاجران ملعونان فاحشان: صوت عند نعمة, وصوت عند مصیبة. فأما الصوت عند المصیبة: فخمش الوجوه, وشق الجیوب, ورن الشیطان, وأما الصوت عند النعمة فلهو وباطل, ومزمار الشیطان). رواه عبدالرزاق6/11
واتە: دوو دەنگ هەن تاونکارو نەفرەتکراوو خراپن: دەنگی کاتی خۆشیو نیعمەت, وە دەنگی کاتی موسیبەت, دەنگی کاتی موسیبەت: بریتیە لە ڕنینی رومەت و یەخە داقڵیشاندن و هاواری شەیتان. وە دەنگی کاتی نیعمەت: بریتیە لە شتی بێ سوودو بەتاڵ و جوزەلەو دەنگەکانی شەیتان.
وە فەرمویەتی: (لیس الدف من سنة المرسلین في شيء).تلبیس ابلیس247
واتە: دەف هیچ لە ڕێگاو ڕەویەی پێغەمبەران نیە.
22- شەعبی(رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (لعن المغني والمغنیَ لە). رواه ابن ابي الدنیا18 وابن الجوزي 235 واتە: گۆرانی بێژو ئەوەشی بۆی دەوترێت نەفرەت لێ کراون.
23- فضیلی کوری عیاض (رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (الغناء رقي الزنا). رواه ابن ابي الدنیا22 وابن الجوزي235
واتە: گۆرانی راکێشەری زینایە.
24- عومەری کوری عبدالعزیز(رەحمەتی خوای لێ بێت) نامەی نارد بۆ مامۆستای منداڵەکەیو تیایدا نوسیبووی: (با یەکەم شت کە لە تۆوە فێری دەبن لە پەروەردە کردنتدا بۆیان: رق لێبوونی غافڵکەرەکان(ملاهي) بێت کە سەرەتاکەی لە شەیطانەوەیەو کۆتاییەکەشی تورە بوونی خوای گەورەیە, چونکە من لە کەسانی جێ سیقەوە لە زانست هەڵگران پێم گەیشتووە کە ئامادەبوونی کۆری مۆسیقاژەن و گوێگرتن لە گۆرانیو وتنەوەی دووڕوویی لە دڵدا دەڕوێنێ وەك چۆن ئاو گژو گیا دەڕوێنێت)./رواه ابن ابي الدنیا20 وابن الجوزي235
25- شورەیحی قاضي (رەحمەتی خوای لێ بێت)فەرمویەتی: (مەلائیکەت ناچێتەماڵێکەوە کە دەفی تێدا بێت)./رواه ابن ابي شیبة193/4
وە پیاوێکیان بۆ هێنا کە (طنبور)ێکی شکاندبوو, ئەویش حەقی لەسەر دانەناو بە کابرای نەبژارد/رواه الخلال131-
26- وە پرسیار کرا لە ئیلیاسی قاضي (رەحمەتی خوای لێ بێت)دەربارەی لێدانی (البربط)-کە ئامێرێکە لە شێوەی عود- ئەویش فەرموی: (ئەگەر بکرێمە دادوەر لە نێوان کردەوەی ئەهلی بەهەشت و کردەوەی ئەهلی دۆزەخ ئەوا (بربط) ناخەمە ناو کردەوەی ئەهلی بەهەشتەوە)/رواه الخلال 127
27-پرسیارکرا لە ئیبراهیمی کوری المنذر(رەحمەتی خوای لێ بێت): (ئایا ئێوە ڕێگا بە ووتنی گۆرانی دەدەن؟ ئەویش فەرموی: (معاذ الله, مایفعله عندنا الا الفساق)/رواه الخلال 166 واتە: پەنا بە خوا, بەلای ئێمەوە تەنها فاسقەکان ئەم کارە دەکەن.
28-مکحول(رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (من مات وعندە مغنیة, لم نصل علیە)/رواه الخلال172 واتە: هەرکەسێك بمرێت و گۆرانی بێژێکی هەبێت نوێژی لەسەر ناکەین.
وە فەرمویەتی: (الغناء ینبت النفاق في القلب کما ینبت السیل البقل)/نزهة الأسماء66 واتە: گۆرانی دووڕوویی لە دڵدا دەڕوێنێ وەك چۆن ئاو تۆوی دانەوێڵە دەڕوێنێت.
29- زوبەیدی الیامي (رەحمەتی خوای لێ بێت) گەنجێکی بینی جوزەلەیەکی پێ بوو ئەویش لە دەستی گرت و دوکەرتی کرد./رواه

الخلال 174

**30- الضحاك** (رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (گۆرانی تێکدەری دڵەو هۆکاری خەشم و تووڕەبوونی خوای گەورەیە)/تلبیس ابلیس235

**31- حارثی محاربی** (رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (الغناء حرام کالمیتة)/کف الرعاع 277/2 واتە: گۆرانی حەرامە هەروەك مردارەوە بوو.

ئەمانە چەند دەقێك بوون کە لە هاوەڵان و تابعینەوە ریوایەت کراوە دەربارەی گۆرانیو مۆسیقا, ئەو سێ چاخەی کە چاکترینی سەدەکانن وەك پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) فەرمویەتی: (خیر أمتي القرن الذي بعثت فیه, ثم الذین یلونهم, ثم الذین یلونهم). رواه البخاري 259/5 ومسلم 84/16

## ئێستاش چەند دەقێك لە ووتەکانی هەرچوار پێشەوا بەرێزەکەی ئیسلام

1 - **ئیمامی ئەبو حەنیفە**(رەحمەتی خوای لێ بێت) توندترین کەس بووە لەسەر بە حەرام زانینی گۆرانی, وە گوێ لێگرتنی بە تاوان زانیوە,/تلبیس ابلیس229 وە هاوەڵانی فەرمویانە: گوێگرتن لە دەنگی (الملاهي) وەك لێدان بە قامیش و هاووێنەکانی حەرامە, وە فەرمویانە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی: (استماع الملاهي معصیة, والجلوس علیها فسق, التلذذ بها کفر)/الفتاوي البزازیة بهامش الفتاوي الهندیة359/6 والحدیث من مراسیل مکحول.

واتە: گوێگرتن لە دەنگە غافڵکەرەکان تاوانە, وە دانیشتن بۆی فاسق بوونە, وە چێژ وەرگرتن لێی کوفرە.

2 - **پرسیار کرا لە ئیمامی مالك** (رەحمەتی خوای لێ بێت) لەو گۆرانیانەی کە خەڵکی مەدینە رێگایان پێ داوە, ئەویش فەرمووی: (انما یفعله عندنا الفساق)/رواه الخلال 165

واتە: بە لای ئێمەوە تەنها فاسقەکان ئەوە دەکەن. وە فەرمویەتی: هەرکەسێك جارییەیەك بکرێت و بزانێ کە گۆرانی بێژە ئەوا بۆی هەیە بە عەیبدار بیگێرێتەوە بۆ خاوەنەکەی). تلبیس ابلیس229

**3- ئیمامی شافیعی** (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی گۆرانی بێژی پیاوو ژن فەرمویەتی: (لا تجوز شهادة واحد منهما, ومن صنع هذا کان منسوبا الی السفه وسقوط المروءة)/سنن الکبری للبیهقي223/10 و 225 واتە: شایەتی هیچیان وەرناگیرێت, وە هەرکەسێك ئەو کارە بکات بە سووك و بێ نرخ و پیاوەتی لە دەستدراو ناودەبرێ.

وەفەرمویەتی: (هذه دیاثة)واتە: ئەم کارە گەوادێتییە!!/ سنن الکبری للبیهقي223/10 و 225 وە فەرمویەتی: کە عێراقم بە جێ هێشت دیاردەیەکم بینی پێی دەوترا: (التغبیر) کە زندیقەکان دایانهێنابوو خەڵکیان پێ دوور دەخستەوە لە قورئان) رواه الخلال 191. (التغبیر): بریتییە لە یادی خوا کردن بە ترس و لەرزەوەو پارانەوە بە لەحن بۆ دانان و گۆرانی ووتنەوە, ئەو کەسەش کە ئەم کارە دەکات پارچە پەڕۆیەك لەبەر دەمی خۆیدا دادەنێت و بە قامیش لێی دەدات بە وێنەی ئیقاع/تلبیس ابلیس330

جا ئەگەر ئەمە فتوای ئیمامی شافعی بێت (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەربارەی ئەو کەسانەی کە یادی خوا دەکەن بە گۆرانی ووتن و ئیقاع لێدانەوە, ئەی ئەگەر گۆرانییەکانی ئەم زەمانەی ببینایە چی دەوت.؟!!!

4– **ئیمامی ئەحمەد**(رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (الزمر والناي والسرنا والطنبور والمعزفة والرباب وماماثلها حرام) تلبیس ابلیس245 کە ئیبن عقیل لێی گێڕاوەتەوە.

واتە: (جوزەلەو نەی و زوڕناو طنبورو عودو رەباب) و هاوشێوەکانی حەرامن.

وە دەربارەی (التغبیر) فەرمویەتی: (هو بدعة محدث)رواه الخلال 187 وأنظر تلبیس ابلیس واتە: داهێنراوێکی تازەیە, وتیان: ئەو کارە دڵ نەرم دەکات, فەرموی: ئەوە بیدعەیە/ رواه الخلال 187 وأنظر تلبیس ابلیس

پیاوێك پرسیاری لێ کرد: بانگیان کردم بۆ شتنی مردوویەك منیش گوێم لە لێدانی دەنگی تەپڵ بوو؟ فەرمووی: ئەگەر توانای شکاندنیت هەیە ئەوا بیشکێنە, ئەگەرنا وەرە دەرەوەو دەرچۆ)رواه الخلال130.

وە فەرمویەتی: (وأکره الطبل, وهي الکوبة, نهی عنه رسول الله (ﷺ)).رواه الخلال ص26.

واتە: ڕقم لە تەپڵە ئەویش ئەو (الکوبة)یەیە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەهی لێ کردووە.

وە ووتەوی ئەم چوار پێشەوایە لەم بارەیەوە زۆر زۆرە بەڵام بە ئەوەندە ئیکتیفا دەکەین.

شێخی ئیسلام ابن تیمیە (رەحمەتی خوای لێ بێت)فەرمویەتی: (الأئمة الأربعة متفقون علی تحریم المعازف التي هي آلات اللهو, کالعود ونحوه, ولو أتلفها متلف عندهم لم یضمن صورة التالف بل یحرم عندهم اتخاذها).العقیدة أولا لو کانوا یعلمون302/4.

واته: هەرچوار پێشەواکە یەکدەنگن لەسەر حەرامێتی ئامێرەکانی مۆسیقا, ئەو ئامێرانەی هۆکاری سەرگەرمیو غافلاندنن, لە وێنەی:عودو هاوشێوەکانی. خۆ ئەگەر کەسێك یەکێك لەو ئامێرانە بشکێنێو بفەوتێنی بەلای ئەوانەوە نابێت بیژمێرێ بەڵکو بەلایانەوە حەرامە موسڵمان هەیبێت.

## ئیجماعی زانایان

لە بەشی سێیەم و باسی حەوتەمدا دەڵێ: (لە سێ رووەوە هەبوونی ئیجماع لەسەر ئەو مەسەلەیە راست نییە:1-هەبوونی چەندان دەقی قورئان و سوننەت لەسەر ڕەوا بوونی گۆرانیو مۆسیقا بە چەند مەرجێکەوە!!!) کە ئەو ئایەتانەی مامۆستا هێناونی نە دوورو نە نزیك پەیوەندی بە باسی مۆسیقاوە نییەو تاکە مەفەسیرێك نەیکردونەتە بەڵگە لەسەر رەوا بوونی گۆرانی و مۆسیقا) لە کاتێکدا ئەو ئایەتانەی کە باس لە حەرامێتی دەکات لە چەندان تەفسیرو لە زاری چەندین هاوەڵ و تابعی و تابعی تابعینەوە وارید بووە-وەك پێشتر هێنامان- لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستا دەڵێ : ووتەی زانایان بە بەڵگە ناهێنرێتەوە...!!

ئیمامی البغوی (رەحمەتی خوای لێ بێت)فەرمویەتی: (واتفقوا على تحريم المزامير والملاهي والمعازف).شرح السنة383/12 واتە: زانایان یەکدەنگن لەسەر حەرامێتی دەنگەکانی شەیتان و شتە غافڵکەرەکان و ئامێرە مۆسیقییەکان.

ئەمەش نمونەی کۆمەڵێك لەو زانا گەورەو پێشەوا ناودارانەی ئوممەتی ئیسلامین کە فتوایان داوە لەسەر حەرامێتی گۆرانییەك کە ئامێری مۆسیقای لەگەڵ بێت:

1- أبو عمر بن عبدالبر المالكي/تفسير القرطبي3/7
2- أبو عمرو بن الصلاح الشافعي/فتاوى ابن الصلاح499/2و500
3- ابو طيب الطبري الشافعي/تلبيس ابليس230
4- ابو عبدالله بن بطة العكبري الحنبلي/تلبيس ابليس237 والكلام على مسالة السماع127
5- شيخ الأسلام ابن تيمية الحنبلي/مجموع الفتاوى569/11-576
6- ابوبكر محمد بن الحسين الآجري/نزهة الأسماع25
7- أبو الفرج بن رجب الحنبلي/نزهة الأسماع64
8- أبو يحي الساجي الشافعى/مجموع الفتاوى 577/11
9- أبو زكريا النووي الشافعي/كف الرعاع305/2
10- أبو القاسم الرافعي الشافعي/كف الرعاع305/2
11- موفق الدين بن قدامة الحنبلي/ذم الشبابة والرقص27
12- عماد الدين بن كثير الشافعي/الكلام على مسألة السماع472
13- أحمد بن حجر الهيتمي الشافعي/كف الرعاع306/2 و 307
14- سليم بن أيوب الرازي الشافعي/كف الرعاع306/2 و 307
15- شهاب الدين الأذرعي الشافعي/روح المعاني للألوسي77/21
16- أبوبكر بن المنذر النيسابوري/الأقناع لأبن المنذر248/1
17- برهان الدين بن عبدالحق الحنفي/الكلام على مسألة السماع456
18- أبو الوليد بن رشد القرطبي المالكي/بداية المجتهد166/2
19- جمال الدين البرزي الشافعي/كف الرعاع301/2
20- عبدالله بن أبي عصرون الشافعي/كف الرعاع301/2
21- محمد بن أحمد القرطبي المالكي/تفسير القرطبي54/14 وفتح الباري442/2
22- أبو جعفر بن جرير الطبري/تنزيه الشريعة 60
23- شمس الدين بن قيم الجوزية الحنبلي/الكلام على مسألة السماع106و117و121
24- أبو اسحاق الشيرازي الشافعي/كف الرعاع304/2و308
25- شمس الدين الجوجري الشافعي/كف الرعاع304/2و308
26- شرف الدين بن قدامة المقدسي الحنبلي/ الكلام على مسألة السماع466

ابن حجري الهيتمي(رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (ومن حكى فيها خلافاً فقط غلط, وأغلب عليه هواه حتى أصمه وأعماه ومنعه هواه, وزل به عن السنن تقواه)./كف الرعاع 2/306–307

واتە: هەركەسێك پێچەوانەی ئەم ڕایە بهێنێت ئەوە بەهەڵەدا چووەو هەواو ئارەزووی زاڵ بووە بەسەریدا تا كەڕو كوێری كردووەو هەواو ئارەزووی بۆتە ڕێگری لە وەرگرتنی هەق, وە لە ڕێگە خلیسكاندویەتیو لایداوە.

ئەمە جگە لەوەی چەندان زانای هاوچەرخ و ناودار ئامێرەكانی مۆسیقایان بەحەرام داناوە وەك: (محمد صالح العثيمين, محمد ناصرالدين الألباني, عبدالعزيز بن باز, عبدالله بن جبرين, محمد بن جميل زينو, صالح الفوزان, محمد صالح المنجد, ..........وە چەندان زانای تری باوەڕ پێكراوی ئوممەتی ئیسلامی)/بڕوانە كتێبی (فتاوى وأحكام الفنون)/صلاح الدين محمود السعيد,لاپەڕە(102) بە دواوە.

## خۆ وێچواندن:

1–بەڵێ گۆرانی و مۆسیقا لە ڕەفتاری بێ دینان و خراپەكاران و كەسانی بە دونیادا ڕۆچوو و هەرزەیە نەك موسڵمانێك كە لە حیكمەت و هۆی دروست بوونی خۆی تێگەیشتبێت و بزانێت كارو ئەركی لەسەر زەوی چییە,. وە كە مامۆستا دەڵێت: (لە ڕۆژگاری پێغەمبەردا (ﷺ) گۆرانیو مۆسیقا هەبووە..) مانای وایە یان دەگونجێت پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئاگادار بووبێت لێی و بێدەنگ بووبێ لە ئاستیدا!! كە ئەمە پێویستی بە هێنانەوەی بەڵگەیەو بەڵگەش نییە, یان ئەوەتا لە لایەن كەسی ترو لە ناو كۆمەڵگاكەدا بینراوەو پێغەمبەریش (ﷺ) بێدەنگ نەبووەو حوكمی لەسەرداون كە ئەمە ڕاستەو ئەو زانایانەی دەڵێن ئامێرەكانی مۆسیقا حەرامن ئەو بەڵگانە دێننەوە..

2– مامۆستا دەڵێ : (لە مێژووی ئیسلامیدا كەسانی دیندارو خاوەن كەسایەتی بەرز گۆرانی بێژو مۆسیقار بوون...) كە نازانین ئایا ئەو كەسە دیندارو خاوەن شەخصییەتانە هیچكام لە چوار ئیمامی مەزهەبەكە یان تابعینەكان یان فەرمودەناسانی وەك بوخاری و مسلم و ترمذی و نەسائی و .....هتد تێدایە...!! بەڵام ئەو تەنها ناوی چوار كەس دەبات كە زۆر كەم ناویان بیستراوەو نە لە پێشەوایانی ناودارن نە لە فەرموودەناسانی هەڵكەوتە, لەوانە: (اسماعيل بن جامع المغني و ابراهيم بن سعد و عليه خوشكى هارون رەشيد و اسحاق بن ادهم).

پاشان دەربارەی فەرموودەی: ((من تشبه بقوم فهو منهم)) دەڵێ قسەی زۆر هەیە لەسەر سەنەدەكەیو گومانێك دروست دەكات لە لای خوێنەر, ئەگەر بە گریمان ئەو فەرمودەیە ضعیف بێت ئەوا بەرامبەر زۆرێك لە ڕەفتارە نا ئیسلامییەكان ئەوانەی تایبەتن بە گاورو جولەكەو بێ دینانەوە دەستەوستان دەوەستینەوەو ناتوانین بڵێین دروست نییە موسڵمان بیكات, لە ناویشیاندا: هەڵستانەوە بۆ شەهیدان و دەقیقەیەك بە پێوە ڕاوەستان بۆ گیانیان كە مامۆستا خۆشی قەناعەتی پێی نییەو بە تاوانی ئەزانێت.

## سد الذريعة

مامۆستا لەم باسەدا دەڵێ: (سد الذريعة نابێ بكرێتە پاساوی شتی ڕەوا لە خەڵك قەدەغە كردن...) كە ئەمە بە ڕەهایی ووتنی هەڵەیە چونكە بەڵگەمان هەیە لەسەر ئەوەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمانی كردووە كە هەندێ جار زانستێك باس نەكرێت تا نەبێتە هۆی ئەوەی خەڵك بیكەنە پاساو بۆ سارد بوونەوە لەدین و كەمتەرخەمی كردن لە ئەنجامدانی عیبادەتدا:

عن معاذ بن جبل" قال: كنت ردف رسول الله (ﷺ) على حمار يقال له عفير. قال: فقال:"يا معاذ! تدري ما حق الله على العباد وما حق الله على العباد؟" قال قلت: الله ورسوله أعلم. قال: "فإن حق الله على العباد أن يعبدوا الله ولا يشركوا به شيئا. وحق العباد على الله عزوجل أن لا يعذب من لا يشرك به شيئا" قال قلت: يا رسول الله! أفلا أبشر الناس؟ قال: "لا تبشرهم. فيتكلوا". رواه مسلم كتاب الأيمان.

وفي حديث آخر: عن قتادة قال: حدثنا أنس بن مالك" أن نبي الله (ﷺ)، ومعاذ بن جبل رديفه على الرحل، قال" يا معاذ!" قال لبيك رسول الله وسعديك. قال: "يا معاذ!" قال لبيك رسول الله وسعديك. قال: "يا معاذ!" قال: لبيك رسول الله وسعديك. قال: "ما من عبد يشهد أن لا إله إلا الله، وأن محمدا عبده ورسوله، إلا حرمه الله على النار" قال: يا رسول الله! أفلا أخبر بها الناس فيستبشروا؟ قال: "إذا يتكلوا" فأخبر بها معاذ عند موته، تأثما.

**بەڵێ ئیسلام پێی باش نییە حەقێك باس بكرێت ئەگەر چاوەڕوانی ئەوە دەكرا خەڵكی بە خراپ لێكدانەوەی بۆ بكەن و بیكەنە پاساو بۆ سارد بوونەوە لە عیبادەتەكان–لەگەڵ ئەو سزا گەورەیەی كە دانراوە بۆ ئەوانەی زانست دەشارنەوە– چونكە (لكل مقام مقال وليس كل مايعلم يقال) ئەی چۆن ڕەوایە لە زەمەنێكی وەك ئێستا بە تایبەتی كە كەسانێك هەن بە دوای بیانودا دەگەڕێن بۆ خۆ دزینەوە لە واجباتەكان, خەڵكی دەست بدەنە گۆرانیو مۆسیقاو موسڵمان و ناموسڵمان لە ڕەوشت و ئاكاردا تێكەڵ بەیەك بكرێن بە پاساوی ئەوەی گوایە هیچ بەڵگەیەك لەسەر حەرامێتی مۆسیقا نییە..**

**وە ئەو مەرجانەی باس كراوە كە لە گۆرانیو مۆسیقادا دەبێ هەبێت ئینجا ڕەوایە!! مەحاڵەو نایەتە دی و واقیعیش چاكترین شاهیدە. چونكە ئەو لە ئەڵقەی (18) و بەشی (3)هەمدا ئەو مەرجانە باس دەكات كە ئەمانەن:**

**1– شتی ناشەرعی تێدا نەبێت (كە ئەگەر بە وردی گوێ لە سروودەكانی ئەم سەردەمە بگرین كە پەخش دەكرێت بە دەگمەن ئەگەرنا چەندان ووشەی نادروست و مەدحی زیاد لە سنورو ناشەرعی تر دەبیستین تیایدا لەوانە: (من عاشقتم..)بەكارهێنان بۆ خواو پێغەمبەر(ﷺ), كە دیارە ئەم ووشەیە وەك ابن القيم لە (الداء والدواء)دا فەرمویەتی:مانای خۆشەویستی ناگەیەنێت بەڵكو بریتییە لە خۆشەویستی نادروست و سنوور بەزاندن تیایدا, یان ووتی: (یارسول الله شەفاعەت) كە داوای شەفاعەتی پێغەمبەر (ﷺ) تەنها لە خوای گەورە دەكرێت, یان (ئەی پەناهی بێ پەنایان) بە كارهێنان بۆ پێغەمبەر(ﷺ)كە ئەمە تەنها خوایەو بەس, یان دەڵێت: (بێ جێو بێ مەكانی..) لە وەسفی خوادا, كە ئەمە پێچەوانەی ئایەتی(الرحمن على العرش استوى)یە, وە بە كارهێنانی ووشەی (شاهنشاه) كە ئەمەش تەنها بۆ خوایەو بەس, وەچەندان و چەندان ووشەی تری ناشەرعی كە لێرەدا بواری هێنانیمان نییە, ئەمانەش بێ ئەوەی لیژنەیەك هەبێت بەسەریدا بچێتەوە پێش تۆماركردنی.**

**2– شتی حەرامی لەگەڵ نەخرێت (ئەگەر نا بە تەنها دروستە, پێشتر وەڵامی ئەم گومانەمان دایەوە).**

**3–نابێ شێوەی گوتنی هاندەر بێت بۆ گوناه و ووروژێنەر بێت.( ئەگەر بوترێت ئەو گۆرانیو مۆسیقایانەی ووروژێنەر نین دروستن ئەوا وێڕای ئەو هەموو بەڵگانەی پێشتر هێنامانەوە لەسەر حەرامێتی ئامێرەكانی مۆسیقا دەپرسین: چۆن و لە لایەن كێوە چاك و خراپی مۆسیقا جیا بكەینەوەو بزانین كامیان ووروژێنەرەو كامیان شەهوەت جوڵێنەو كامیشیان چێژ لێوەرگیراوی پاكە ؟؟!! چونكە بێ گومان حەزو قیاسەكان لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر ئەگۆڕێت, وە ئەو كات پێویستە هەموو جارێك جوان گوێیان لێ بگرین ئەوجا حوكمیان لەسەر بدەین !!).**

**4– ئیسرافی تێدا نەكرێت, كە دەڵێین لەوە ئیسراف تر چییە كە شەوو ڕۆژ لە كەناڵەكاندا لێبدرێت و كۆنسێرتی بۆ ساز بكرێت و بانگەوازی بۆ بكرێت!!؟ وە ئایا ئەمڕۆ لە ئیسرافیش دەرنەچووە؟!!**

## <u>**گۆرانیو مۆسیقا بۆ تێكدانی خەڵك لە شەراب خراپترن:**</u>

**بەڵێ كاریگەرییە خراپەكانی گۆرانیو ئامێرەكانی مۆسیقا هێندە زۆرە مەگەر ئەو هونەرمەندە بە تەجرەبانەی دوای ڕۆچوون لەو بوارەداو گەڕانەوەیان بتوانن بیژمێرن, هەر بە هۆی گەورەیی ئەو كاریگەرانەوەیە گاورو جولەكە یەكێك لە سەرەتایی ترین و گرنگترین داویان بۆ ڕاو كردنی ڕۆڵەكانی ئوممەتی ئیسلام و گومڕاكردنیان بریتییە لە گۆرانی و مۆسیقاو رابواردن و گاڵتەو گەپ: ئەوەتا جولەكە دەربارەی گرنگی ئەم هۆكارە لە پرۆتۆكۆڵی(13) لە پرۆتۆكۆڵاتی سەركردە زایۆنییەكاندا دەڵێت: (جەماوەر رازی دەبێت لەسەر واز هێنان لەو چالاكییە سیاسییانەی خۆی ئەگەر چەند هۆكارێكی غافڵاندن و(ملاهی)یەكی نوێمان پێبەخشی ......وە هەتا بتوانین دووریان بخەینەوە لەوەی پلانە نوێیەكانمان كەشف بكەن پێویستە سەرقاڵیان بكەین بە چەندان جۆر هۆكاری سەرقاڵیو یارییەوە.....).بروتوكولات حكماء صهيون167–168.**

**وە گاورەكانیش لە كۆنگرەی یەكەمی مژدەدەرە گاورەكاندا كە ساڵی 1906 لە قاهیرە بەستراو سەركردەكەی قەشە (زویمر) بوو, گرنگترین شت كە موناقەشەی لەسەركرا بریتی بوو لەوەی: ئەو لەمپەرە گرنگانەی تووشی بە گاوركەرەكان دەبن لە وڵاتی موسڵماناندا چین؟ وە دوای موناقەشەیەكی وورد, گەشتنە ئەو قەناعەتەی كە پێویستە چەند هۆكارێك بخرێتە گەر بۆ ڕاكێشانی موسڵمانان بەرەو لای خۆیان و بڵاوكردنەوەی فیكرەكەیان, جا یەكەم و گرنگترین هۆكار كە هەمووان جەختیان لەسەر كردەوە وەك لە ڕاپۆرتەكەیاندا هاتووە بریتی بوو لە (العزف بالموسيقى)!!/الغرة على العالم الأسلامي20 وغزوة في صميم لحبنكة172.**

**مێژووش سەلماندویەتی هەر كات موسڵمانان سەرقاڵ بوون بە گاڵتەو گەپ و دەسیاندایە گۆرانیو مۆسیقاو شتی منداڵانەو ئامانجە گەورەكەیان لە بیرچووەوە ئەوا دەبنە نێچیری دەستەمۆ بەرامبەر بە فێڵ و پلانەكانی دوژمنانیان و دەدۆڕێن:**

**ئەوەتا لە كاتی جەنگی موسڵمانان لەگەڵ جولەكەدا ساڵی 1967 بێژەری ڕادیۆ دەیوت: بڕۆن بەرەو پێش و فڵانە ئافرەت و فیسارە**

پیاوە گۆرانی بێژەتان لەگەڵە!!! وە یەکێك لەو گۆرانی بێژانە لە ئاهەنگێکدا لە قاهیرە پێش جەنگەکە رایگەیاند ئەگەر لەو جەنگەدا سەرکەوتین ئەوا لەناو (تل أبیب)دا ئاهەنگێکی گەورە دەگێڕین..!! لە کاتێکدا جولەکەکان دوای سەرکەوتنیان لە جەنگەکەدا لە لای (حائط المبکی) لە قودس وەستابوون و سوپاسی خوایان دەکرد لەسەر سەرکەوتنیان..!!!) مجموعة رسائل والتوجیهات الأسلامیة.ص55 محمد جمیل زینو.

پاشا هەرکەسێك خوی دایە مۆسیقاو گۆرانی و گاڵتەو گەپ ووردە ووردە دڵی رەق و رەش دەبێت و دروشمە ئاینیەکانی لەلا کاڵ دەبێتەوەو تەمبەڵی دایدەگرێت لە جێبەجێ کردنیاندا. وەحەزی قورئان خوێندن و لەبەر کردنی تێدا نامێنێت, هەموو ئەو کەسانەی کە قورئانیان لەبەرە چاك دەزانن گوێ گرتن لە گۆرانیو مۆسیقا چ زیانێك دەدات لەو برە قورئانەی لەبەریان کردووەو چۆن بیریان دەباتەوە.

ابن القیم(رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (ماعتاد احد الغناء الا ونافق قلبه وهو لا یشعر, ولو عرف حقیقة النفاق لأبصره في قلبه, فانه ما اجتمع في قلب عبد قط محبة الغناء ومحبة القرآن, الا وطردت احداهما الأخرى......وقل أن یوجد مفتون بسماع الغناء والموسیقی الا وهو أکسل الناس عن الصلاة ولا سیما صلاة الجماعة في المسجد) مجموعة رسائل والتوجیهات الأسلامیة ص55 محمد جمیل زینو

واتە: هیچ کەسێك نییە کە خوو دەگرێت بە گۆرانییەوە ئیلا دڵی تووشی دووروویی دەبێت بێ ئەوەی هەستی پێ بکات, خۆ ئەگەر راستێتی نیفاق شارەزا بێت بە چاوی خۆی دەیبینێت کەوا نیفاق لە دڵیدایە, چونکە هەرگیز خۆشویستنی گۆرانیو خۆشویستنی قورئان لە دڵی هیچ عەبدێکدا کۆنابێتەوە ئیلا یەکێکیان ئەوی تریان دەردەکات, ....وە کەم جار کەسێك دەدۆزیتەوە کە گیرۆدە بووبێت بە گوێگرتن لە گۆرانیو مۆسیقاوە ئیلا دەبینی ئەو کەسە تەمبەڵترین کەسە لە ئەنجامدانی نوێژەکانیدا بە تایبەت نوێژی جەماعەت لە مزگەوتدا..

پاشان دەنگی بە جۆش و خۆشی داود پێغەمبەر(علیه الصلاة والسلام) وە دەنگی أبو موسى الأشعري(رەزای خوای لێ بێت) کە لەم باسەدا کردویەتییە نمونە بریتی بووە لە یادی خوا کردن و قورئان خوێندن, نەك گۆرانی و مۆسیقا..!!!

## ئەو بەڵگانەی مامۆستا هێناونی لەسەر لە بنەرەتەوە رەوا بوونی گۆرانیو مۆسیقاو تێبینی لەسەریان:

1–چەند ئایەتێکی قورئان: بە راستی هەموو ئەو ئایەتە پیرۆزانەی مامۆستا دەیکاتە بەڵگە لەسەر رەوایەتی گۆرانیو مۆسیقا زۆر دوورن لەو باسەوەو یەك زانای موفەسیر ناوو ووشەی گۆرانیو مۆسیقای نەهێناوە لە تەفسیرەکانیاندا–ئەگینا مامۆستا نەقڵی دەکرد– بەڵکو ئەو ئایەتانە لەسەر زەمی ئەو کەسانە هاتۆتە خوارەوە کە حەڵاڵکراوەکانی خوای گەورە لە خۆیان حەرام دەکەن, وە ووشەی(الطیبات) کە بە (مستلذات) چێژ لێوەرگیراوەکان مانای کردووە ئەو شتانە دەگرێتەوە کە شەرعین, ئەگەر نا زۆربەی تاوانەکانیش بەلای کەسی ئەنجامدەرەوە دەچێتە خانەی چێژ لێوەرگرتنەوەو شەیتان بۆی شیرین کردووە, وە کەس گوناهێك ئەنجام نادات کە لەو کاتەدا قێزی لێبکاتەوە. وە ابن القیم لە (مدارج السالکین)(491/1) ئەمەی بە جوانی روون کردۆتەوەو باسی ئەوەی کردووە کە شتی چێژ لێوەرگیراو هەر پێنج حوکمە شەرعیەکەی بەسەردا دەچەسپێت...

*وە دەربارەی ووشەی(لهو) لە ئایەتی (...تجارة أو لهوا...) دا دەڵێ: (لێرەشدا مەبەست پێی گۆرانی گوتن و تەپڵ و دەف لێدانە, چونکە عادەتی خەڵکی مەدینە وا بوو کاتێ کاروانی بازرگانیان بە سەلامەتی گەیشتبایەتەوە جێ بە گۆرانیو تەپڵ و دەفلێدان پێشوازیان دەکرد) بەڵام ئەگەر تەماشای تەفسیر بکەین بۆمان دەردەکەوێت ئەو کاروانییە هی (دحیە بن خلیفە)بووە پێش موسڵمان بوونی: (...وزعم مقاتل بن حیان أن التجارة کانت لدحیة بن خلیفة قبل أن یسلم, <u>وکان معها طبل</u> ,فانصرفوا إلیها وترکوا رسول الله (ﷺ) قائماً على المنبر إلا القلیل منهم, وقد صح بذلك الخبر/تفسیر ابن کثیر312/4.

کە دیارە کردەوەی کەسی نا موسڵمان ناکرێتە بەڵگە, پاشان لە ساڵی قات و قڕی و گرانیدا بووە نەك زەمەنی ئاسایی بۆیە خەڵکی ئەوەندە بە پەرۆش بوون بۆ ئەو کاروانییەو جومعەکەیان بەجێ هێشتووە,! هەروەها تەنها ووشەی تەپڵ و دەف هاتووە کە بەوان بووە, نەك ئەمان بە تەپڵەوە چووبن بەرەو پیریان!! کە جیاوازی ئەم دوو ئامێرەو.... لەو کاتەداو... لە لایەن کەسێك کە هێشتا موسڵمان نەبووە ناکرێتە بەڵگەی رەوا بوونی... بە تایبەت کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بێدەنگ نەبووە لەسەری, چونکە ئایەت هاتۆتە خوارەوەو زەمی کردووەو بە (لهو) ناوی بردووە. پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرمووی: سوێند بەو خوایەی نەفسی منی بەدەستە ئەگەر هەمووتان برۆشتنایە دۆڵەکەتان لێ پڕ دەبوو لە ئاگر:

عن جابر بن عبد الله قال: بینما النبي (ﷺ)یخطب یوم الجمعة, فقدمت عیر إلى المدینة فابتدرها أصحاب رسول الله (ﷺ), حتى لم

يبق مع رسول الله (ﷺ)إلا اثنا عشر رجلاً فقال رسول الله (ﷺ): «والذي نفسي بيده لو تتابعتم حتى لم يبق منكم أحد لسال بكم الوادي ناراً» ونزلت هذه الآية {وإذا رأوا تجارة أو لهواً انفضوا إليها وتركوك قائماً} وقال: كان في الاثني عشر الذين ثبتوا مع رسول الله (ﷺ): أبو بكر وعمر رضي الله عنهما.

2- چەند فەرموودەیەکی پێغەمبەر(ﷺ): کە لێرەدا چەند فەرموودەیەك دێنێتەوە کە نەك ناکرێتە بەڵگەی ڕەوایەتی گۆرانیو مۆسیقا بەگشتی بەڵکو بەڵگەیە لەسەر تەنها ڕەوایەتی ئەو شێوازو جۆرەی گۆرانی بێ ئامێرو لەو کاتانەداو بەس:

لەوانە: فەرموودەی دوو جاریەکەی کە لە جەژندا دەفیان لێداوە: یەکەم ئەو ڕۆژە جەژن بووە, پاشان دەف لێدەرەکان جاریەی بچوکی نابالغ بوون کە دوایی باسی دەکەین, وە تەنها دەفیان لێداوەو بەس, وە گۆرانی بێژ نەبوون و گۆرانی ووتن پیشەیان نەبووە, پێغەمبەری خواش (ﷺ) ڕووی لێوەرگێڕاون و دەم و چاوی داپۆشیوە نەك تەماشایان بکات و تێکەڵی ئاوازەکەیان بێت, ئەبوبەکریش (ڕەزای خوای لێ بێت) تێی خوڕیون و فەرموویەتی: (مزمار الشيطان عند النبي(ﷺ), بەلاَم پێغەمبەری خوا(ﷺ) نەیفەرموو ئەمە جوزەلەو ئاوازی شەیتان نییە, بەڵکو ئەوەی بۆ ڕاست کردەوە کە ئەمرۆ لەو حوکمە هەلاوێردراوە چونکە جەژنە, پاشان خودی گۆرانییەکە باسی ئازایەتی عەرەب و جەنگی بوعاث بووە(نەك وەك زۆرێك لەو بە ناو سروود و گۆرانییانەی ئەمرۆ کە ئەگونجێت عەلمانییەکانیش لە ئێزگەکانیانەوە بەخشی بکەن بە مەبەستی عەشقی کوڕان و کچان), بە هەر حاڵ دوایی عائیشەش (ڕەزای خوای لێ بێت) تێی خوڕیون و ئەوانیش ڕۆیشتونەتە دەرەوە.

ابن القيم(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (فلم ينكر (ﷺ) على ابي بكر تسميته الغناء (مزمار الشيطان) واقرهما لأنهما جاريتان غير مكلفتين, تغنيان بغناء الأعراب الذي قيل في يوم حرب بعاث من الشجاعة والحرب, وكان اليوم يوم عيد)اغاثة اللهفان257/1.

واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئینکاری ناونانی گۆرانی لە لایەن ئەبوبەکرەوە بە (جوزەلەی شەیتان) نەکرد, وە ئیقراری ئەو کارەشی لەبەر ئەوە کرد چونکە ئەوان دوو جارییەی بچوك بوون کە تەکلیفیان لەسەر نەبوو, وە گۆرانییەکەشیان بریتی بوو لەو گۆرانییەی عەرەبەکان لە ڕۆژی جەنگی بوعاثدا ووتویانە دەربارەی ئازایەتیو جەنگ, ئەو ڕۆژەش ڕۆژی جەژن بوو.

هەر ابن القيم(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (وكل فعل طلب الشارع تركه أو ذم فاعله, أو عتب عليه أو لعنه,.....أو نسبه الى عمل الشيطان وتزيينه,.....فهذا ونحوه يدل على المنع من الفعل, ودلالته على التحريم أطرد من دلالته على مجرد الكراهة...)بدائع الفوائد5/4-6

واتە: هەر کردەوەیەك پێغەمبەر(ﷺ) داوای واز هێنان بکات لێی, یان زەمی بکەرەکەی بکات, یان عیتابی لێ بگرێت یان نەفرەتی لێ بکات...یان ناوی ببات بە کردەوەو جوانکارییەکانی شەیتان....ئەوا ئەمانەو هاووێنەکانی بەڵگەن لەسەر ئەوەی ڕێگری کراوە لە ئەنجامدانی ئەو کردەوەیە, وە زیاتر بەڵگەیە لەسەر حەرامێتی وەك مەکروهییەتیو بەس...

ئیمامی الطبري(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (هذا الحديث حجتنا, لأن أبابكر سمى ذلك مزمور الشيطان, ولم ينكر النبي(ﷺ) على أبي بكر قوله, وانما منعه من التغليظ في الأنكار لحسن رفقته لا سيما في يوم العيد, وقد كان عائشة(رضي الله عنها) صغيرة في ذلك الوقت, ولم ينقل عنها بعد بلوغها وتحصيلها الا ذم الغناء, وقد ابن أخيها القاسم بن محمد يذم الغناء ويمنع من سماعه, وقد أخذ العلم عنها)كتاب ابن الجوزي253/1-254.

واتە: ئەم فەرمودەیە بەڵگەمانە, چونکە ئەبوبەکر ئەو کارەی ناونا (دەنگ و جوزەلەی شەیتان)پێغەمبەری خواش(ﷺ) ئینکاری نەکرد, بەڵکو ڕێگری زۆر زبرییو ڕەقییەکەی لێکرد لە ئینکاری کردنیدا بۆ ئەو کارە, لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) زۆر نەرم بووە بە تایبەت لە ڕۆژی جەژندا, وە عائیشەش(ڕەزای خوای لێ بێت) لەو کاتەدا منداڵ بووە, بەلاَم دوای ئەوەی گەورە بووە تەنها ئەوەی لێوە نەقڵ کراوە کە زۆر زەمی گۆرانی کردووە. ئەوەتا برازاکەی کە ناوی قاسمی کوڕی محمدە زەمی گۆرانی دەکردو ڕێگری دەکرد لە گوێگرتن لێی لە کاتێکدا ئەم یەکێك بووە لەوانەی زانستی لە عائیشەوە(ڕەزای خوای لێ بێت) وەرگرتووە.

2- فەرموودەکەی دووەمیش کە باس لە نەزر کردنی ئافرەتەکە دەکات, کاتێ سەرجەم ریوایەتەکانی کۆدەکەینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە جاریەیەکی بچوکی ڕەش پێست بووە پاشان نەزری کردبوو کە ئەگەر پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە سەلامەتی گەڕایەوە دەف لێبدات, پێغەمبەری خواش (ﷺ)فەرمووی:(إن كنت نذرت فافعلي ، وإلا فلا..). واتە: ئەگەر نەزرت کردووە بیکە, ئەگەر نەتکردووە نەیکەیت. کە زۆر بە ڕوونی دیارە ئەگەر بە ڕەهایی دەف لێدان ڕەوا بووایە پێی نەدەفەرموو: ئەگەر نەزرت نەکردووە مەیکە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە زانایان پێیان وایە ئەمە تایبەت بووە بە پێغەمبەری خواوە(ﷺ), چونکە شادی دەربڕین بە

گەڕانەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ)بەسەلامەتی هیچ شادی‌یەکی تر نایگاتیٚ. وەك شێخی ئەلبانی بە جوانی ئەمەی روونكردۆتەوە لە (تحريم آلات الطرب ص124)دا.

فەرموودەی سێیەمیش کە باس لەو ئافرەتە دەکات کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) سینی‌یەکی دایە تا پیٚی لیٚ بدات و گۆرانی بلیٚ بۆ عائیشە, ناکرێتە بەڵگەی ڕەوایەتی مۆسیقا, چونکە جیاوازی سینی‌یەکی رەق و تەق لەگەڵ ئەو ئامێرە جەستەو رۆح بزوێنەرانەی ئەمرۆ زۆر لەوە زیاترە کە هەستی پیٚ نەکرێت, ئەشگونجێت زەمەنی ئەم فەرموودەیەش پێش فەرموودەکانی حەرامێتی ئامێرەکانی مۆسیقا بە گشتی بووبێت و ئەوانی تر ئەم نەسخ بکەنەوە.. هەرچەند کۆتایی فەرموودەکە ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموی: شەیتان فوی بە تفنگەکانی‌دا کردووە, ئەمەش ئیقرار کردن ناگەیەنێت...

وە سەرجەم فەرموودەکانی تریش بە هێنانی هەموو ریوایەتەکانی‌یەوە دەردەکەوێت کە ئەو گۆرانی ووتنانە یان لە جەژن و زەماوەندا بووەو تەنهاو تەنها دەف بەکارهاتووە تیایاندا, یان گۆرانی (حداء) بووە کە گۆرانی کاروانچی حوشترانە تا ووشترەکان باش بڕۆن و ماندوو نەبن, یان کاتی رۆیشتن بووە بەرەو جیهادو بۆ ماندوویەتی حەساندنەوەو بۆ لە بیردنەوەی ئازاری رێگاو گورج بوونەوە بۆ جیهاد ووتراوەو بە هیچ جۆرێك هیچ ئامێرێکی مۆسیقایان لەگەڵ نەبووە, پاشان مانای هۆنراوەی ئەو گۆرانیانەشیان باسی جیهادو گەرم بوونەوە لەسەر خەباتکردن و قوربانی‌دان و گیانفیدایی دیٚت لە رێگای خوادا( کە کەناڵەکان لەم جۆرە هۆنراوەو گۆرانی‌یانە خۆیان دەپارێزن و سلٚی لیٚ دەکەنەوە...!!!)

## نمونەکانی ئەثەری هاوەڵان(رەزای خوای لیٚ بێت)

1- نمونەی گۆرانی ووتنی بیلال (رەزای خوای لیٚ بێت)بە هیچ جۆرێك مۆسیقای لەگەڵ نەبووە.

2-بەڵگەی دووەم لە رێگایاندا بەرەو حەج بووە کە عومەریش(رەزای خوای لیٚ بێت) ئیقراری کردووە, وە هیچ ئامێرێکی مۆسیقای تێدا نەبووە.

3-لە بەڵگەی سێیەمیشدا بەرەو مەککە چوون, بیٚ مۆسیقا بووە, عومەریش(رەزای خوای لیٚ بێت) شەرمی کرد کاتیٚ کابرای عێراقی ووتی: غەیری تۆ بابیلیٚ, وە عومەر(رەزای خوای لیٚ بێت) ئینکاری ئەمەی نەکرد.

4-کاروان بوون و مۆسیقاشی تیا نەبووە. بە هەمان شێوە نمونەی 5 و 6یش گۆرانی بیٚ ئامێری مۆسیقا بووە.

ئەگەر سەرنج بدەین زۆربەی ئەم نمونانەی مامۆستا هێناونی لەسەر رەوایەتی (مۆسیقاو گۆرانی) دوورو نزیك ووشەی ئامێری مۆسیقایان تێدا نابینرێت, کەچی بەبەڵگەی حەلاڵێتی مۆسیقا دابەزێنراون, لە کاتێکدا ئەگەر بەڵگە بن بەڵگەن لەسەر رەوایەتی گۆرانی بە مەرج و بەندی تایبەتی‌یەوە نەك مۆسیقا.!

7-لە نمونەی حەوتەمیشدا رۆژی عاشوراو تەنها ووشەی (دەف)ی تێدایەو لە لایەن جاری‌یەوە بەکارهێنراوە, لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی خالدی کوری ذەکوان لە عاشورادا بینیویەتی لە دەف لێدانی جاریە, ئەگونجێت شایی بووبیٚ بە بەڵگەی ئەوەی کاتیٚ بۆ ربیع ی کچی معوذیان باس کرد ئیقراری کردووەو نمونەی زەماوەندی خۆی هێناوەتەوە لەسەری, پاشان تەنها دەف بووەو بەس لە لایەن دوو جاریەوە.

هەروەها مامۆستا دەڵیٚ: (دروستە پیاو گویٚ بۆ گۆرانی و دەف لێدانی ئافرەتان بگرن و بە پێچەوانەشەوە) کە ئەگەر بیوتایە ...(کچۆڵەی بچوك).. راستر بوو, چونکە مانای جاری‌یە وەك پێشتر باس کرا زۆر روونەو ئەگەر بڵێین ئافرەت ئەو کات دەرگایەکی شەڕی زۆر گەورە دەخەینە سەر پشت بۆ گوێگرتن لە دەنگی ئافرەتانی بەناو هونەرمەند..کە یەك تاکە بەڵگە لە مێژووی سیٚ چاخە پڕ خێرەکەدا لەسەر ئەمە نابینینەوە.

## ئامانجەکانی شەریعەت

لە لێدانی تەپڵ و مۆسیقادا چ بەرژەوەندی‌یەك دێتە دی تا شەریعەتی خوای داناو کاربەجیٚ بیکاتە بەرنامەکەیەوە؟؟!! ئەگەر بووترێت هەڵس و کەوتەکان بنچینە تیایاندا سەرنجدانە لە حیکمەت و ئامانجەکانیان, ئەوا دەڵێین پێویستە ئەو هەڵس و کەوتە شەرع حەرامی نەکردبێت, پاشان ئەوە لە دەقەکاندا روون بویەوە کە مۆسیقا حەرامەو گۆرانی‌یەکیش دروستەو ئامانجی هەیە کە ئەو مەرجانەی تێدا بێتە دی, هەروەها روونمان کردەوە کە (الطيبات) شتێك نی‌یە کە لە شەرعدا حەرام کرابێت یا نەفسی ئەممارەی مرۆڤیش حەزی لیٚ بکات و بە کردنی چێژ وەربگرێت.

لە کۆتایی‌دا مامۆستای بەرێز بە ڕاشکاوی کۆمەڵە فتوایەکی زۆر قورس دەردەکات لەسەر گۆرانی‌و مۆسیقا کە جیٚی ڕامان و

تێبینییە لەوانە:

1- دەڵێ: (گوێبیست بوونی پیاوان و ئافرەتان بۆ یەکدی شتێکی ڕەوایە....) بەڵگەشی ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) گوێی لە دەنگی ئافرەتی گۆرانی بێژ گرتووەو قەدەغەشی نەکردووە!!!!. ئەمە جگە لەوەی زانایان جیاوازی دەخەنە نێوان بیستن(سماع) و گوێ لێگرتن(استماع)ەوە کە دیارە پێغەمبەری خوا(ﷺ) یەکەمیانی کردووە, وە لە سەرجەم بەڵگەکاندا دیارە کە ئەوانەی گۆرانیيان وتوە بە هیچ جۆرێك ئافرەتی گەورە نەبون, بەڵکو جارییە بووە وەك پێشتر روون کرایەوە, ئەگەرنا هەرگیز ناگونجێ گۆرانی بگوترێت بە بێ دەنگ نەرم و ناسك کردنەوەو لاواندنەوە, کە خوای گەورە ئەمەی لە ئافرەتان حەرام کردووە کە بەرامبەر پیاوان دەنگیان ناسك بکەنەوە چونکە ئەبێتە هۆی وورووژاندن و ئەوانەی دڵیان نەخۆشی تێدایە تەماعیان پێ دەبەن, وەك فەرمویەتی: ﴿يَا نِسَاء النَّبِيِّ لَسْتُنَّ كَأَحَدٍ مِّنَ النِّسَاء إِنِ اتَّقَيْتُنَّ فَلَا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ وَقُلْنَ قَوْلاً مَّعْرُوفا﴾ سورة الأحزاب(32)

وە دەنگی خۆخۆشکردن بۆ قورئان خوێندن زۆر جیایە لە گۆرانی ووتنی ئافرەت لە بەرامبەر پیاواندا- نازانم مامۆستا چۆن ئەو دوو مەسەلەیە دەشوبهێنێت کە جیاوازیيان وەك ئاسمان و ڕێسمانە!!!

ئیبن حەزم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) خۆشی ڕای لەسەر ئەوە بووە کە حەرامە موسڵمان چێژ لە بیستنی دەنگی ئافرەتی بێگانەو نامەحرەم وەربگرێت./ مجموعة رسائل والتوجيهات الأسلاميةص56 محمد جميل زينو.

کەواتە دروست نیيە ئافرەتانی باڵغ بوو بە ئامادەبوونی پیاوان گۆرانی بڵێن مەگەر بۆ خۆيان و بەتەنها, کە ئەمەيان زانايان ڕێگايان داوە:

شیخ ابن باز (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (والمعازف هي الأغاني وآلات الملاهي أخبر النبي (ﷺ) أنه يأتي آخر الزمان قوم يستحلونها كما يستحلون الخمر والزنا والحرير وهذا من علامات نبوته (ﷺ) فإن ذلك وقع كله والحديث يدل على تحريمها وذم من استحلها كما يذم من استحل الخمر والزنا والآيات والأحاديث في التحذير من الأغاني وآلات اللهو كثيرة جداً ومن زعم أن الله أباح الأغاني وآلات الملاهي فقد كذب وأتى منكراً عظيماً نسأل الله العافية من طاعة الهوى والشيطان وأعظم من ذلك وأقبح وأشد جريمة من قال إنها مستحبة ولا شك أن هذا من الجهل بالله والجهل بدينه بل من الجرأة على الله والكذب على شريعته وإنما يستحب ضرب الدف في النكاح للنساء خاصة لإعلانه والتمييز بينه وبين السفاح ولا بأس بأغاني النساء فيما بينهن مع الدف إذا كانت تلك الأغاني ليس فيها تشجيع على منكر ولا تثبيط عن واجب ويشترط أن يكون ذلك فما بينهن من غير مخالطة للرجال ولا إعلان يؤذي الجيران ويشق عليهم وما يفعله بعض الناس من إعلان ذلك بواسطة المكبر فهو منكر لما في ذلك من إيذاء المسلمين من الجيران وغيرهم ولا يجوز للنساء في الأعراس ولا غيرها أن يستعملن غير الدف من آلات الطرب كالعود والكمان والرباب وشبه ذلك بل ذلك منكر وإنما الرخصة لهن في استعمال الدف خاصة . أما الرجال فلا يجوز لهم استعمال شيء من ذلك لا في الأعراس ولا في غيرها وإنما شرع الله للرجال التدرب على آلات الحرب كالرمي وركوب الخيل والمسابقة بها وغير ذلك من أدوات الحرب كالتدرب على استعمال الرماح والدرق والدبابات والطائرات وغير ذلك كالرمي بالمدافع والرشاش والقنابل وكلما يعين على الجهاد في سبيل الله). مجموع الفتاوى (424-423/3)

2- مامۆستا دەڵێ: (گۆرانی ووتن و مۆسیقا لێدان کردنە پیشەو کرێ لەسەر وەرگرتنیان دروستن), ئەم فتوایە هیچ کەسێك لە زانایان بەو ڕەهايیەو بێ ترسەوە نەیووتووەو پێچەوانەکەی هاتووە. وەك ابن تیمیە(ڕەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (و لكن نصب مغنية للنساء والرجال هذا منكر بكل حال بخلاف من ليست صنعتها، وكذلك أخذ العوض عليه. والله أعلم ).

واتە: دانانی گۆرانی بێژ بۆ ئافرەتان و پیاوان, ئەمە بە هەموو شێوەیەك مونکەرە بە پێچەوانەی ئەو کەسەی نەیکردۆتە پیشە, هەروەها کرێ لەسەر وەرگرتنیشی مونکەرو تاوانە. والله أعلم)

3-مامۆستا دەڵێ: (بابای گۆرانی بێژو مۆسیقارو ئەوەشی کە گوێیان لێ دەگرێت بەو ڕەفتارەیان عەدالەت لە دەست نادەن..) نازانم لە چ هاوەڵ و پیاوچاکێکی فەرمودەناس و پێشەوایەکەوە شتی وا بینراوە کە مۆسیقاژەن بووبێ تا ئەم وتەیە بوترێت, کە دیارە جێگای باسە لە سەرجەم ئەم تێبینیيانەیدا مامۆستا وتەی یەك کەس لە زانایان ناهێنێتەوە تا بیکاتە پاڵپشت بۆ ڕەئەکەی خۆی, چ جای بەڵگەی قورئان و فەرموودە.

4-لە چوارەم خاڵدا مامۆستا هەندێك سوودو ئامانجی ئەمڕۆی مۆسیقا دێنێت(کە دیارە قسە لەسەر مۆسیقايەو بەڵگە بۆ ڕەوایی ئەو دەهێنێتەوە, کەچی سەرنجی زۆرێك لە بەڵگەکانی پێشووی بدە بۆ بەڵگە هێنانەوە بۆ ڕەوایەتی مۆسیقا ناشێت چونکە ووشەی مۆسیقای تیا نەبوو!!) لەو سوودانە: چارەسەری دواکەوتوویی عیقڵیو منداڵ و هەرزەکارو پیرەکان, وسووك کردنی ئێش و ژان,

چارەسەری گرفتی مێشك كە بە هۆی مادەی سڕكەرەوە تووشی بووە, ئازاری درێژخایەن و توند, ئاسانكردنی منداڵ بوون وژانی ئەو كاتە, چاككردنی حاڵەتەكانی دواكەوتوویی‌و گەشەو فێربوون, كاریگەری ئیجاب لەسەر كۆئەندامی هەرس , كۆئەندامی دەمارو مێشك, راوە ماسی, بەرزكردنەوەی بەرهەمی دەواجن و بەرهەمە شیردەرەكان..!!!! كە ئەگەر بەم پێیە بێت لە هەموو نەخۆشخانەو قوتابخانەو باخچەی ساوایانێك و هەموو شەتڵگاو دەواجنێكی پەلەوەرو ماسی‌دا پێویستمان بەوە دەبوو بەیانیان و ئێواران مۆسیقامان بژەندایە!! كە ئەمە لەو وولاّتانەی لە بواری زانستیشدا پێشكەوتوون شتی وا نەبینراوەو نەبیستراوە.. بە پێچەوانەوە هەر شتێك لە شەریعەتی خوای كاربەجی‌دا حەرام كرابێت بیّ حیكمەت نی‌یەو درەنگ یان زوو نهێنی‌یەكانی بۆ مەردومان ئاشكرادەبێت:

ئەوەتا لە گۆڤاری **reader digest** دا هاتووە (دكتور ولف ادیر) كە برۆفیسۆر بوو لە زانكۆی كۆلۆمبیا دۆزیویەتی‌یەوە كە نەرمترین جۆری نەغمە مۆسیقی‌یەكان خانەكانی مێشكی مرۆڤ تیادەبات, وە دەركەوتووە مۆسیقا دەبێتە هۆی پەكخستنی تەوازنی ئەم جیهازە لەسەرو ئەوەی ئێمە تەصەوری دەكەین, كە ئەم هەواڵە دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو لە ئەمریكاو زۆرێك لە ترسان وازیان لە گوێگرتن لە مۆسیقا هێنا, بە جۆرێك دەنگۆكە گەیشتە مەجلیسی پیرانی ئەمریكا, وە زانست ئەوەی سەلماندووە كە مۆسیقا دەبێتە هۆی ووروژاندن و لاوازكردنی ئەعصاب و زیان گەیاندن بە خڕۆكەكانی خوێن, وە توش بوون بە نەخۆشی‌یەكانی دڵ و بگرە شێت بوونیش. وە گوێگرتن لە مۆسیقا گەرچی بۆ ماوەیەكی كەمیش بێت دەبێتە هۆی خەو زڕان و ئینفیعالی و دڵەراوكێی بیركردنەوەو نەخۆشی (مینا الجنونی), جگە لە مانەش مۆسیقا دەبێتە هۆی جولاّندن و ووروژاندنی غەریزەی جنسی‌و دروست بوونی زیناو شذوذی جنسی‌و خراپەو تاوان, وە چەندان نەخۆشی تر...../ بڕوانە كتێبی(فلسفة تحريم الموسيقى), هەروەها سایتەكانی ئینتەرنێت بە تایبەت: نادى رواد المستقبل, منتديات عيني عينك, منتديات النجم, منتديات مملكة البحرين. وە چەندان سایتی تر...

جگە لەوەی خوای گەورە قورئانی كردۆتە بەهاری دلاّن و شیفای نەخۆشی‌یە جەستەیی‌و رۆحی‌یەكان وەك دەفەرموێت:﴿ وَنُنَزِّلُ مِنَ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاء وَرَحْمَةٌ لِّلْمُؤْمِنِينَ وَلاَ يَزِيدُ الظَّالِمِينَ إَلاَّ خَسَاراً﴾ الأسراء/82 . هەروەها تەنها زیكرو یادی خوای گەورەیە كە دەبێتە مایەی ئارامی دلاّن: ﴿الَّذِينَ آمَنُواْ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللّهِ أَلاَ بِذِكْرِ اللّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾ الرعد/28

شێخی ئیسلام ابن تیمیه(رەحمەتی خوای لیّ بێت) فەرمویەتی: (فاما السماع الذي شرعه الله تعالى لعباده وكان سلف الأمة من الصحابة والتابعين وتابعيهم يجتمعون عليه لصلاح قلوبهم وزكاة نفوسهم فهو سماع آيات الله تعالى وهو سماع النبيين والمؤمنين وأهل العلم والمعرفة... وبالجملة فقد عرف من دين الإسلام أن النبي (ﷺ) لم يشرع لصالحي أمته وعبادهم وزهادهم أن يجتمعوا على استماع الأبيات الملحنة مع ضرب بالكف أو ضرب بالقضيب أو الدف ، كما لم يبح لأحد أن يخرج عن متابعته واتباع ما جاء به من الكتاب والحكمة لا في باطن الأمر ولا في ظاهره ولا لعامي ولا لخاصِّيّ ،..ولهذا يوجد من أعتاده وأغتذى به لا يحن الى سماع القرآن ولايفرح به, ولا يجد في سماع الآيات كما يجد في سماع الأبيات, بل اذا سمعوا القرآن سمعوه بقلوب لاهية وألسن لاغية) .مجموع الفتاوى557/11

واتە: بەلاّم ئەو گویّ لیّگرتنەی كە خوای گەورە بۆ بەندەكانی داناوەو پێشینی ئەم ئوممەتە لە هاوەلاّن و تابعین و شوێنكەوتووانی ئەوان كۆدەبوونەوە بۆی بە مەبەستی چاكردنی دڵ و پاككردنەوەی دەرونیان بریتی‌یە لە بیستنی ئایەتەكانی خوای گەورە, كە ئەمە بیستنی پێغەمبەران و ئیمانداران و ئەهلی زانست و زانیاری‌یە..... بە گشتی لە دینی ئیسلامدا ئەوە زانراوە كە پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە رەوای دانەناوە كە چاكانی ئوممەتەكەی‌و خواپەرست و زاهیدەكانیان كۆبنەوە بۆ گوێگرتن لە بەیتە ئاوازاوی‌یەكان لەگەڵ چەپڵەلێدان یان قامیش و دەف كوتین, هەروەك بەر رەوای دانەناوە بۆ هیچ كەسێك كە دەرچێت لە شوێنكەوتنی خۆی‌و ئەو بەرنامەیەی لە قورئان و سوننەتدا هێناویەتی, نە لە پەنهان و نە لە ئاشكراو نە بۆ عەوام و نە بۆ زاناكان رەوا نی‌یە, لەبەر ئەوە دەبینی ئەوانەی گۆرانیان كردووە بە پیشەو هەردەم گوێبیستێن حەزیان لە بیستنی قورئان نی‌یەو پیّی شادومان نین, وە لە گوێبیستی‌دا بۆ قورئان ئەو هەستە خۆشەی نی‌یە كە بۆ گۆرانی هەیەتی, بگرە كاتیّ گویّ لە قورئان دەگرن بە دڵێكی بیّ ئاگاو زمانێكی سەرقاڵەوە گوێی لیّ دەگرن.

5- دەڵیّ: (هیچ بەڵگەیەك نی‌یە لەسەر ئەوەی كە ئافرەتانی دەف لێدەری رۆژگاری پێغەمبەری خوا(ﷺ) كچی كچكەی ناباڵغ بووبن)!, جا من دەپرسم : ئەم ووتەیە پێش جەنابت كیّ لە زانایانی باوەڕپیّكراو فەرموویەتی, بەڵیّ زانایان یەكدەنگن لەسەر ئەوەی ئەوانە ئافرەتی كچۆڵەی ناباڵغ بوون كە بە (جاری‌یە) ناوبراون.

ابن الجوزی (رەحمەتی خوای لێ بێت)فەرمویەتی: (رواڵه ت وا دیاره كه ئەو دوو جارییەیە منداڵ بوون, چونكه عائشه بچوك بووەو پێغەمبەری خوا(ﷺ) رێگای دەدا كه جارییە بێنه لای‌و یاری لەگەڵ بكەن).تلبیس ابلیس232

وه دەف لێدانیش تایبەتە بەوانەوە وەك ابن حجر(رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرموویەتی: (والأحادیث القویة فیها الإذن في ذلك للنساء، فلا یلتحق بهن الرجال لعموم النهي عن التشبه بهن). واتە: وه فەرمووده بەهێزەكان رێگەدانی ئەوەی تێدایە بۆ ئافرەتان, وه ئەمە پیاوان ناگرێتەوە لەبەر بە گشتی نەهی كردن له خۆشوبهاندن به ئافرەتان.

ئیبن عقیل (رەحمەتی خوای لێ بێت)فەرمویەتی: (اذا كان المغنی امرأة أجنبیة (یحل زواجها) فانه یحرم الأستماع الیها بلا خلاف بین الحنابلة)/مجموعة رسائل والتوجیهات الأسلامیة ص55–56 محمد جمیل زینو.

واتە: ئەگەر گۆرانی بێژەكە ئافرەتێكی بێگانە بوو, ئەوا بەلای حەنبەلی‌یەكانەوە بەبێ جیاوازی حەرامە گوێی لێ بگیرێت.

جا لەبەر ئەوەی‌گۆرانی‌و دەف لێدان لە كارو كردەوەی ئافرەتانە, پێشینان هەر پیاوێكیان ببینایە ئەو كارەی بكردایە ناویان دەبرد بە سەرژنانی!! ئیتر ئەمەش پەیوەندی نی‌یە بە عورف و زەمەنەوە, چونكە ئەو كاتە بە ناوی (عورف)ەوە ئەتوانرێت خۆ لە زۆر حوكم و فەتوای پێشین بدزرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەمووان دەزانین لە ناو عورفی كۆمەڵگای كوردی‌دا بە كەسانی گۆرانی بێژو مۆسیقا ژەن چی ووتراوەو چیان پێ ووتوە..!! كە ئەمڕۆش بووە بە (هونەرمەند) ئەوە وەك ئەوە وایە بە شەراب و مەی دەوترێت (المشروبات الروحیة)!!.

ئیبن تەیمیە(رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (ولكن رخص النبي(ﷺ) في أنواع من اللهو في العرس ونحوه، كما رخص للنساء أن یضربن بالدُّف في الأعراس والأفراح، وأما الرجال علی عهده فلم یكن أحد منهم یضرب بدفٍ ولا یصفق بكفٍ بل ثبت عنه في الصحیح أنه قال: التصفیق للنساء، والتسبیح للرجال، ولعن المتشبهات من النساء بالرجال، والمتشبهین من الرجال بالنساء. ولما كان الغناء والضرب بالدُّف من عمل النساء كان السلف یسمون من یفعل ذلك من الرجال مخنثا، ویسمون الرجال المغنین مخانیث، وهذا مشهور في كلامهم. ومن هذا الباب حدیث عائشة رضی الله عنها لما دخل علیها أبوها رضی الله عنه في أیام العید وعندها جاریتان تغنیان بما تقاولت به الأنصار یوم بعاث. فقال أبو بكر رضي الله عنه: أبمزمار الشیطان في بیت رسول الله؟ وكان رسول الله (ﷺ) معرضا بوجهه عنهما, مقبلا بوجهه الكریم إلی الحائط، فقال: دعهما یا أبا بكر، فإن لكل قوم عیداً، وهذا عیدنا أهل الإسلام. ففي هذا الحدیث بیان أن هذا لم یكن من عادة النبي (ﷺ) وأصحابه الاجتماع علیه، ولهذا سمّاه الصدیق مزمار الشیطان، والنبي أقرّ الجواري في الأعیاد كما في الحدیث: لیعلم المشركون أن في دیننا فسحة. وكان لعائشة لعب تلعب بهن ویجئن صواحباتها من صغار النسوة یلعبن معها، ولیس في حدیث الجاریتین أن النبي (ﷺ) استمع إلی ذلك، والأمر والنهی إنما یتعلق بالاستماع لا بمجرد السماع، كما في الرؤیة فإنه إنما یتعلق بقصد الرؤیة لا بما یحصل منها بغیر الاختیار). مجموع الفتاوی565/11

واتە: بەلام پێغەمبەری خوا(ﷺ) روخسەتی داوە كە لە زەماوەندو هاوشێوەكانی‌دا هەندێك گاڵتەو گەپ ئەنجام بدرێت, هەروەك رێی داوە بە ئافرەتان كە دەف لێبدەن لە زەماوەندو خۆشی‌یەكاندا, بەلام پیاوان لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) بە هیچ جۆرێك كەسێكیان تێدا نەبووە كە دەف لێبدات یان چەپڵەلێدەر بێت, بەڵكو لە فەرموودەی صەحیحدا لێوەی چەسپاوە كە فەرموویەتی:چەپڵەلێدان بۆ ئافرەتانەو (سبحان الله)كردنیش بۆ پیاوان, وە فەرمویەتی: نەفرەتی خوا لەو ئافرەتانەی خۆیان دەچوێنن بە پیاوان و ئەو پیاوانەی خۆیان دەچوێنن بە ئافرەتانەوە, جا لەبەر ئەوەی گۆرانی ووتن و دەف لێدان لە كارو كردەوەی ئافرەتان بووە پێشینمان(سەلەف) هەر پیاوێك ئەو كارەی بكردایە ناویان دەبرد بە سەرژنانی(مُخَنَّث)!!, وه بە پیاوانی گۆرانی بێژیان دەوت سەرژنانی‌یەكان, كە ئەمە لە ووتەكانیاندا مەشهوور بووە,...پاشان فەرموودەی دوو جاریەكەی جەژن دێنێت...پاشان دەفەرموێت: لەم فەرمودەیەدا روونكردنەوەی ئەوەی تێدایە كە ئەم گۆرانی ووتن و كۆبونەوەیە بۆی لە عادەتی پێغەمبەری خوا(ﷺ)و هاوەڵانی نەبووە(رەزای خوایان لێ بێت), لەبەر ئەوەش بووە ئەبو بەكر ناوی بردووە بە جوزەلەی شەیتان, وە پێغەمبەری خواش(ﷺ) ئیقراری كردەوەی دوو جاری‌یەكەی كرد كە لە جەژندا دەیانكرد چونكە هەروەك لە فەرمودەدا هاتووە كە فەرمویەتی: تا هاوبەش دانەران بزانن لە دینەكەماندا مەجال و فراوانی‌یەك هەیە, هەروەها عائیشەش كۆمەڵێك بوكەڵەی هەبووە كە یاری پێ كردوون و هاورێ بچوك و هاوتەمەنەكانیشی هاتوون و یاری‌یان لەگەڵ كردووە, وە لە فەرموودەی دوو جاری‌یەكەشدا نەهاتووە كە پێغەمبەری خوا(ﷺ) گوێی لێ گرتوون, فەرمان پێكردن و نەهی لێ كردنی ئەو كارەش بەستراوە بە گوێ لێگرتنەوە نەك تەنها گوێ بیستبوونی بێ مەبەست, هەروەك لە روانیندا بەستراوە بە مەبەست بوون لە تەماشاكردندا, نەك ئەوەی كە بێ مەبەست بەرچاوی دەكەوێت.

**ئەنجام**

کەواتە بە پێی بەڵگەی قورئان و فەرمودەی پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ)و ووتەی زانایانی سێ سەدە پڕ خێرەکە لە هاوەڵان و تابعین و تابعی تابعین و پێشەوایانی ئیسلام و زانایانێکی بێ ئەژماری جێ متمانە, روون بوویەوە کە گۆرانی بە ئامێرەکانی مۆسیقاوە حەرامە با ووشەکانی ناو گۆرانییەکەش باش بن و مەبەستەکەش خێر بێت و بە عیبادەت بزانرێت, چونکە ئیسلام بەرنامەیەکی (میکیافیلی) نییە کە پێی وابێت(الغاية تبرر الوسيلة) واتە: ئامانجی چاك بەهانە ئەدات بە وەسیلەکان, بەڵکو پێویستە وەسیلەکانیش شەرعی بن بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکان. کەواتە بانگەوازکردن هیچ پێویستییەکی بە مۆسیقالێدان نییەو پەکی لەسەر بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە نەکەوتووە تا بە بێ ئەوە نەگەین بە ئامانجی خەڵك تێگەیاندن لە دین, چونکە ئەگەر وابووایە ئەوا پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەکاری دەهێناو فەرمانی بە ئێمەش دەکرد بۆ بەکارهێنانی, چونکە لەو سەردەمەی ئەودا هەندێك لەو ئامێرانە هەبوون, وە پێغەمبەری خواش(ﷺ) لە هەموو کەس دڵسۆزترو بە حیکمەت تر بووە لە بانگەوازدا. وە بە تەجرەبەش سەلماوە لە جیهاندا چەندان کەناڵی ناوخۆییو ئاسمانی هەن و ئامێرەکانی مۆسیقاش بەکارناهێنن و سەرکەوتووتریشن لەوانەی بەکاری دەهێنن. بگرە زۆربەی کەناڵە ئاسمانییە ئیسلامییەکان لە جۆرەی دووەمن. لەوانە: (کەناڵەکانی –المجد, بە هەموو بەشەکانییەوە–الطيبة–الريحانة–peace tv –شدا– هدى–الحافظ–الدعاء–ابن عثيمين–الحقيقة– أفكار ومواهب–مكة–الروح–الجوهرة–عالم حوى–منتدى–محمد(ﷺ)– العفاسي هەردوو کەناڵەکەی–.....هتد, جگە لەو کەناڵانەی تەنها دەف و ئیقاع بەکاردەهێنن و بەس. هەموو موسڵمانێکی تەبیعەت ساغیش چاك دەزانێت کاریگەری ئەو سروودە شەرعیو ئیمانییانەی کە ئامێری مۆسیقایان لەگەڵ نییە چەندە زیاترو زۆرترە لەوانەی بە ئامێرەوەن.

وە بەهێزیو کاریگەری راگەیاندنەکانیش نەبەستراوەتەوە بە بەکارهێنانی ئامێرەکانی مۆسیقاوە, چونکە لەمڕۆدا راگەیاندنە ئیسلامییەکان دەستی لێ ناپارێزن لەگەڵ ئەوەشدا بە شایەتی هەموو لایەك لە لاوازترین ئاستدان. بەڵکو رادەی پێشکەوتنی ئەو راگەیاندنە بینراوو بیستراوانە بەستراوەتەوە بە زیاتر پاراستنی رەسەنایەتی ئیسلامیو پابەندبوونی زیاتریان بە شەرع –نەك تەنها رازی کردنی خەڵك چونکە وەك ئیمامی شافیعی(رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: (رضا الناس غاية لاتدرك). واتە: رازی کردنی خەڵك ئامانجێکە هەرگیز پێی ناگەیت, کەواتە گرنگ رازی کردنی خوای گەورەیەو بەس, وە بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و شارەزایی کارمەندەکانی لە زانستە هاوچەرخ و نوێیەکان و شێوازی نوێی بەکارهێنانی ئامێرەکانی ناو ئەو راگەیاندنەو بوونی کارمەندانی دڵسۆزو لێهاتوو زرینگ و شارەزاو گوێگرتن لە پێشنیارو رەخنەی بینەرو بیسەران و گشتگیریو داهێنان و نوێکاری لە بەرنامەی و ئوسلوبی گەیاندندا.

## کام جۆرەی گۆرانی ووتن دروستە

زانایان فەرمویانە: هەندێك جۆری گۆرانی موباحەو ناتوانین بڵێین حەرامە بە رەهایی یان دروستە بە رەهایی هەتا کۆمەڵێك مەرج هەیە تیایدا نەیەتە دی چونکە گۆرانی بنچینەکەی بریتییە لە هۆنراوە وە هۆنراوەش چاکی چاکەو خراپیشی خراپ,

شێخی ئەلبانی (رەحمەتی خوای لێ بێت)دوای ئەوەی کۆمەڵێك بەڵگە باس دەکات دەفەرموێت: (...منیش دەڵێم: لەم فەرمودەو ئەثەرانەدا بەڵگەیەکی ئاشکرای تێدایە کە گۆرانی بێ ئامێری مۆسیقا لە هەندێك بۆنەدا دروستە: وەك یادخستنەوەی مردن, یان پەرۆشی بۆ کەس و کارو نیشتمان, یان بۆ حەساندنەوەی ماندویەتی نەفس, وە بۆ هیلاکی دەرکردنی نارەحەتیو قورسی سەفەرو لەم بابەتانە بەو مەرجەی نەکرێت بە پیشەو لە ئاستی سروشتی تێ نەپەڕێنێت, وەهەندێ شتی لەگەڵ نەکرێت کە زیان بدات لە پیاوەتی وەك جوڵانەوەی لەش و قاچ دان بە زەویدا...)/تحريم آلات الطرب ص129.

لەو جۆرانەی گۆرانی دروستیش: (گۆرانی (حداء) بۆ گورج کردنەوەی ووشترو ووڵاغ و کەسەکان و ماندوویەتی دەرکردن لە کاتی سەفەردا وەك ئەوەی (عامری کوڕی ئەکوەع), وە گۆرانییەك کە بۆ سووك کردنی نارەحەتی ئیش و کار بوترێت, وەك ئەوەی کاتی خەندەق دەیانوت, وە گۆرانی کاروانی حاجیان کە لە رێگایاندا بەرەو حەج دەچن و وەسفی کەعبەو زەمزەم و مەککەو مەدینە دەکەن یان ئەو گۆرانییانەی باسی قیامەت دەکات و دڵان دەبزوێنێو نەرمی دەکات, وەگۆرانی ئافرەتان لە جەژنەکان و ژن گواستنەوەو شادی دەربڕینی شاییدا دەوترێت, بەڵام ئەم جۆرە گۆرانییەش وەك زانایان فەرمویانە پێویستە کۆمەڵێك مەرجی تێدابێت:

1–نابێت هیچ ووشەیەکی تێدا بێت کە پێچەوانەی شەرع بێت, وەك شیرك و ووشەی ناشیرین و گاڵتەکردن بە موسڵمانان و وەسفی ئافرەتان و وەسفی مەی و شتی خراپ و تاوان.

2– نابێت سەرقاڵت بکات لە ئەنجامدانی فەرزەکان, یان ببێتە هۆکاری چواندنی واجبێت.

3–ئەگەر ئافرەتێکی باڵغ بیڵێت ئەوا دروست نیيە پیاوانی بێگانە گوێی لێ بگرن, سا ئیتر لە بەردەمیاندا بیڵێت یان لە پشت پەردەوە, چونکە ئەوە دەبێتە هۆی چێژ وەرگرتنی خراپ و فیتنەو ئاشووبەی بە دواوەیە, ئەمەش روون و ئاشکرایەو هیچ کەسێکی بە ئینصاف ئینکاری ناکات. بەڵام ئەگەر کیژۆڵەیەکی نابالغی بچوك بوو وە ترسی فیتنە نانەوەی لێ نەدەکرا ئەوا دروستە.

4– نابێت بکرێتە خوو وە زۆر بێت, چونکە ئەگەر زۆر بوو وە خووی پێوە گرت و پێی ناسراو پارەی لەسەر وەرگرت, ئەوە پێی دەبێتە کەسێکی (سفیه)و شایەتی لێوەرناگیرێت بەلای زانایانەوە. وەك لە کتێبەکانی فیقهدا هاتووەو ئیمامی شافعیش ئەمەی فەرمووە./سنن الكبرى223/10

5–نابێت هیچ جۆرە ئامێرێکی مۆسیقایی لەگەڵدا بێت, ئەگەر لەگەڵی بوو ئەوا حەرامە لە هەموو حاڵەتێکدا, جگە لە ئامێری (دەف) بەبێ ئەڵقە, ئەوا دروستەو پێویستە تەنها ئافرەتان بەکاری بهێنن لە شایی و گواستنەوەو جەژنەکاندا, وەلەو روخسەتە تێنەپەڕێنرێت کە لە سوننەتدا رێگای پێ دراوە, بەڵام پیاوان دروست نییە بۆیان دەف بەکاربهێنن و لێی بدەن./بڕوانە أحكام الموسيقى والغناء في الكتاب والسنة وأقوال العلماء/أحمد بن عبدالعزيز الحمدان.

کەواتە لە ناو ئامێرەکاندا تەنها دەف رێی پێدراوەو لەو کاتانەداو بەس,

لە عامری کوری سعدی البجلیيەوە فەرمویەتی: بە دوای ثابتی کوری سەعددا دەگەڕام کە یە کێك بوو لە بەشداربووانی جەنگی بەدر بینیم لە شاییەکیدایە, دەفەرموێت: بینیم چەند جارییەیەك گۆرانیيان دەوت و دەفیان لێ دەدا, ووتم: ئایا نەهی ناکەیت لەم کارە؟ فەرمووی: (لا, إن رسول الله(ﷺ) رخص لنا في هذا)/أخرجه النسائي135/6 وحسنه الألباني في صحيحه(3168) وأخرجه الطبراني47/17 والبيهقي289/7.

واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) مۆڵەتی داوین لەم کاتانەدا.(واتە مۆڵەتدراوین لە کاتی شاییدا گوێ لە دەف و گۆرانی بگرین. و وە ئەو رووخسەتەش بریتیيە لە لێدانی دەف بۆ ئافرەتان و بەس).

جا ووشەی (رُخِصَ) ئەوەی لێ وەردەگیرێت کە ئەو کارە پێش رێپێدانی حەرام بووە وەك لە فەرموودەدا هاتووە:

في الصحيحين من حديث أنس رضي الله عنه أن النبي (ﷺ) رخَّص لعبد الرحمن بن عوف والزبير في قميص من حرير من حكّةٍ كانت بهما .وفي رواية : أن عبد الرحمن بن عوف والزبير شكوا إلى النبي(ﷺ) يعني القمل فأرخص لهما في الحرير .

واتە:/ پێغەمبەری خوا(ﷺ) مۆڵەتی عبدالرحمن ی کوری عەوف و زوبەیر ی دا کەوا قەمیصی ئاوریشم لەبەر بکەن لەبەر خورین و نەخۆشی حەساسیەتێك کە پێیانەوە بوو.

وە ئیبن حەزم(رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (لا تكون لفظة الرخصة إلا عن شيء تقدم التحذير منه).

واتە: ووشەی–رووخسەت و مۆڵەتدان– تەنها لە دەربارەی شتێك دەوترێت کە پێشتر نەهی کرابێت لە کردنی.

*خاڵێکی تر مامۆستا پێی وایە کە ئایەتی: ﴿وَمَا كَانَ صَلاَتُهُمْ عِندَ الْبَيْتِ إِلاَّ مُكَاء وَتَصْدِيَةً فَذُوقُواْ الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ﴾الأنفال/35. بەڵگە نییە لەسەر حەرامێتی خودی فیکەو چەپڵە لێدان و چەپڵەش تایبەت نییە بە ئافرەتانەوە ...) وە مامۆستا پێی وایە چەپڵەو فیکە لێدانێك حەرامە کە بە مەستی عیبادەت و خۆنزیك کردنەوە لە خوا ئەنجام بدرێت!! چونکە قورەیشییەکانی پێش ئیسلام چەپڵەو فیکەیان بە عیبادەت داناوە.. کە مامۆستای بەرێز نە لێرەو نە لەبەشی حەوتەمی ئەڵقەی بیست و سێ کە بە درێژتر لەسەری نووسیوە ووتەی هیچ زانایەکی نەهێناوەتەوە بۆ پاڵپشتی رایەکەی.

شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە(رەحمەتی خوای لێ بێت) فەرمویەتی: (كان المكاء والتصدية يدعو الى الفواحش والظلم ويصد عن حقيقة ذكر الله تعالى كما يفعل الخمر, والسلف يسمونه تغبيرا......فمن فعل هذه على وجه الديانة والتقرب فلا ريب في ضلالته وجهالته, وأما إذا فعلها على وجه التمتع والتلعب فمذهب الأئمة الأربعة أن آلات اللهو كلها حرام). مجموع الفتاوى576/11

واتە: فیکەو چەپڵە لێدان بانگەوازکارو ڕاکێشەری مرۆڤن بەرەو خراپەو ستەم و خەڵکی لە راستێتی یادی خوای گەورە لا دەدەن هەروەك شەراب و مەی, وە پێشینان ناوی بردووە بە (التغبير)..... جا هەرکەسێك ئەم کارە بکات بە مەبەستی دینداریو خۆنزیك کردنەوە لە خوا ئەوە گومان لە گومرایەتیو نەفامێتیدا نییە, بەڵام ئەگەر هەر کەسێك بە مەبەستی چێوەرگرتن و یاری و گەمە ئەمە بکات ئەوە مەزهەبی هەر چوار پێشەواکە لەسەر ئەوەن کە هۆکارەکانی خۆسەرگەرم کردن و غافلأندن هەموویان حەرامن.

ئەگەر بشوترێت بۆچی هاوەڵان (خوا لێیان رازی بێت) چۆن چەپڵەیان لێداوە بۆ ئاگادارکردنەوەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) لە نوێژدا؟ ئەوا دەڵێین: بەڵێ ئەمە کراوە بەڵام پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئەم هەڵەیەی بۆ راست کردنەوە بەوەی فەرمووی: (مالي رأيتكم أكثرتم

التصفيق, من رابه شيء في صلاته فليسبح, فانه اذا سبح التفت اليه وانما التصفيق للنسآء) رواه البخاري684 ومسلم 421.

واته: ئەوە چیتانە بینیم چەپڵەتان زۆر لێدا, هەرکەسێکتان لە نوێژدا شتێکی بینی با (سبحان الله) بکات, چونکە ئەگەر (سبحان الله)ی کرد ئاگاداریيان دەکاتەوە, بەڵام چەپڵەکوتاندن بۆ ئافرەتانە. وە فەرمویەتی: (التسبيح للرجال والتصفيق للنسآء) رواه البخاري 1203 ومسلم 106/422

کەواتە: بەڵێ لەم فەرمودەیەدا زۆر بە روونی دیارە کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ئاگاداری کردنەوە کە جارێکی تر چەپڵە لێنەدەن و دوای ئەوەش جارێکی تر شتی بەو جۆرە لە هاوەڵان نەبینراوەو واریـد نەبووە کە چەپڵەیان لێدابێت, پاشان لەم فەرمودەیەدا دەردەکەوێت کە چەپڵە لێدان لە ناو نوێژدا تایبەتە بە ئافرەتانەوە.
سليم بن عيد الهلالي دەفەرموێت: (ووتەی (انما التصفيق للنساء) بەڵگەیە لەسەر رێگری کردنی پیاوان لێی بە رەهایی‌و نەهی کردنیان لە ئەنجامدانی ئەو کارە...)موسوعة المناهي الشرعية في صحيح السنة النبوية477/1.
وە ابن باز (رەحمەتی خوای لێ بێت)فەرمویەتی: ( وە چەپڵە لێدان لە ئاهەنگەکاندا لە کردەوەی نەفامێتییەو کەمترین حوکم کە لە بارەیەوە دەوترێت ئەوەیە کە مەکروهە, وە لە بەڵگەکەوە زیاتر ئەوە دەردەکەوێت کە حەرامە, چونکە موسڵمانان نەهیان لێ کراوە خۆیان بچوێنن بە کافران....) مجموع فتاوى ومقالات متنوعة151/4.
پاشان حیکمەتی چەپڵە لێدانی ئافرەت و (سبحان الله) نەکردنی –لەگەڵ ئەو تێبینییەی کە ئەو چەپڵە لێدانەش بریتییە لە بەری دەستی راست کێشان بە پشتی دەستی چەپدا نەك وەك چەپڵە لێدانی ئەمڕۆی نەفامەکان– بریتی نییە لەوەی ئافرەتان دەنگیان نزمترە, چونکە ئاشکرایە دەنگی ئافرەتان تیژترو بەدەرەوەترە و دەنگی پیاو گڕترو کپ ترە, بەڵکو لەبەر ئەوە دروست نییە چونکە ئەگونجێ فیتنەی لێ بکەوێتەوە, ئەوەتا خوای گەورە رێگای نەداوە ئافرەتان نە پێش نوێژی بۆ پیاوان بکەن نە بانگ بدەن بۆ نوێژەکان, خۆ ئەگەر وابووایە ئەبوو بمانوتایە بانگ نەدانیشی لەبەر ئەوەیە کە دەنگی نزمە,!! بەڵام نەخێر خوای گەورە خۆی بەدیهێنەری مرۆڤەکانەو شارەزایە پێیان و دەزانێت چ شتێك کاریگەری هەیە لەسەر دڵ و نەفسیان, جا بۆ بنبڕکردنی خراپە (سد الذريعة) زۆر بواری لێ گرتونەتەوە, بە بەڵگەی ئەوەش کە ئەگەر کۆمەڵێك ئافرەت بن و پیاوی نامەحرەمیان لەگەڵ نەبێت ئەتوانن (سبحان الله) بکەن لە جیاتی دەستی راست کێشان بە پشتی دەستی چەپدا, جا ئەگەر بانگ دانێك کە خەڵك کۆکردنەوەیە بۆ خێر بۆ ئافرەتان دروست نەبێت ئەدی چۆن گۆرانی ووتن دروستە کە ئافرەت بە ئامادەیی پیاوان بیڵێت؟! ئایا فیتنە نانەوەی ئەمەیان گەورەترو زۆر زیاتر نییە؟!
دکتۆر صالح بن فوزان دەفەرموێت: ( ....لەمەوە–واتە لە ئایەتەکەوە– بەڵگەی حەرامێتی ئەو دوو سیفەتە وەردەگیرێت(مەبەست پێی چەپڵەو فیکەیە) ئەگەرچی بە مەبەستی عیبادەتیش ئەنجام نەدرێت, چونکە لەمەدا خۆشوبهاندنی تێدایە بە هاوبەش پەیداکەران, وە چەپڵەش پێغەمبەری خوا(ﷺ) تەنها بۆ ئافرەتانی بە رەوا داناوەو ئەویش لە کاتی پێویستیدا, وەك ئاگادار کردنەوەی ئیمام لە کاتی سەهو کردنیدا لە نوێژدا, چونکە دەنگ هەڵبڕینی لە کاتی ئامادەیی پیاواندا فیتنەی لێ دەکەوێتەوە, وە دروست نییە پیاو خۆی بچوێنێ بە کافران و ئافرەتان لە چەپڵە لێداندا..) شرح مسائل الجاهليةص72.

## لە کۆتاییدا

لە هەموو ئەم بەڵگانەوە روون بوویەوە کە خواو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) بە رەوایان دانەناوە کە مرۆڤی موسڵمان ئامانجە گەورەکەی خۆی لە دروست بوونیدا کە بریتییە لە عیبادەت کردن و ئاوەدان کردنەوەی سەرزەوی بیر بچێتەوەو خۆی سەرقاڵ بکات بە ئەو دەنگە حەرامانەی کە ئەگەر لە دونیادا وازی لێ هێنا ئەوا خوای گەورە لە قیامەتدا بۆی قەرەبوو دەکاتەوە, هەروەك چۆن بە داوێن پاراستنی, لە بەهەشتدا حۆری چاوجوان و پاکی پێ دەبەخشێت, بە وازهێنانی لە شەراب و مەی خواردنەوە لە بەهەشتدا رووباری هەنگوین و شەراب و شیرو ئاوی سازگاری پێ دەبەخشێت, بە هەمان شێوە بە خۆپاراستنی لە دەنگی گۆرانی‌و مۆسیقا لە بەهەشتدا کامەران و شادومانی دەکات بە بیستنی دەنگی حۆریەکانی هاوسەری:
عن ابن عمر (رضي الله عنهما) قال: قال رسول الله(ﷺ): (أن أزواج الجنة ليغنين أزواجهن بأحسن أصوات سمعها أحد قط, وإن مما يغنين: نحن الخيرات الحسان, أزواج قوم كرام, ينظرون بقرة أعيان, وإن مما يغنين به: نحن الخالدات فلا نمتنه, نحن الآمنات فلا يخفنه, نحن المقيمات فلا يظعنه). رواه الطبراني في الصغير والأوسط ورجاله رجال الصحيح, قاله الهيثمي في المجمع419/10 .

وصححه الألباني في صحيح الجامع48/2.

واتە: حۆریەکانی بەهەشت گۆرانی بۆ مێردەکانیان دەڵێن بە خۆشترین دەنگ و ئاوازێك کە هەرگیز هیچ کەسێك دەنگی وا خۆشی نەبیستووە, وە لەو گۆرانییانەش کە دەیڵێن ئەمەیە: ئێمە روشت چاکانی رووخسار جوانانین, هاوسەری کەسانی بەرێزین, بە بینایی چاوان بۆیان دەروانین. وە دەڵێن: ئێمە نەمرانین و هەرگیز نامرین, ئێمە دڵنیاکارانین و هەرگیز ناترسێنین, ئێمە جێنشینانین و هەرگیز بارناکەین.

وعن أبي أمامة (رضي الله عنه) أن رسول الله(ﷺ) قال: (مامن عبد يدخل الجنة إلا ويجلس عند رأسه وعند رجليه ثنتان من الحور العين يغنيان بأحسن صوت سمعه الإنس والجن وليس بمزمار الشيطان ولكن بتحميد الله وتقديسه). رواه الطبراني بإسناد حسن, قاله الحافظ العراقي في تخريج الاحياء 3011 .

واتە: هیچ عەبدێك نییە کە دەچێتە بەهەشتەوە ئیلا دوو حۆری چاو جوان لە لای سەریو قاچەکانییەوە دادەنیشن و گۆرانی بۆ دەڵێن بە خۆشترین دەنگێك کە مرۆڤ و جنۆکەکان بیستبێتیان, وە گۆرانییەکەشیان جوزەلەو دەنگی شەیتان نییە, بەڵکو بریتییە لە سوپاس و ستایش کردن و بە پیرۆزدانانی خوای گەورە.

ووتەکان زۆرن بەڵام ئەوەندە کافییە, جا ئەگەر کەسێك هەموو ئەم بەڵگانە بەسی نەبێت و قەناعەتی پێ نەکات بە حەرامێتی ئامێرەکانی مۆسیقا ئەوە ئیتر هەزاران هەزار بەڵگەی تریش قەناعەتی پێ ناکات.

داواکارم بزووتنەوە ئیسلامییەکان لە جیاتی فتوادان بۆ حەلاڵێتی مۆسیقاو ئامێرەکانی سەرگەرمی و غافلاندن هەوڵی پەروەردەکردنی ئەندامەکانیان بدەن و خولی لەبەر کردن و شارەزایی لە قورئان و فەرموودەو زانستە شەرعییەکانیان بۆ بکەنەوە تا لە خۆیاندا حوکمی ئیسلام بچەسپێنن پێش ئەوەی داوای چەسپاندنی بکەن لەسەر زەویدا, چونکە وەك ووتراوە: (فاقد الشيء لا يعطي) ئەو کەسەی هیچی پێ نەبێت ناتوانێت هیچ ببەخشێت, دڵنیاش بن ئەم کارەیان بۆ دونیاو قیامەت سەربەرزانەترو خێردارترەو نابێت ئەوەشیان لە بیرچێت کە تاکە ئامانجی دروست بوونی ئەو کۆمەڵانەشیان بریتییە لە گەڕاندنەوەی سایەی دین بۆ خەڵکیو خەڵکی بانگ کردن بۆ ژێر سایەی ڕێبازی خوا.

وە داواکارم راگەیاندنە ئیسلامییەکانیش بەو سروودو گۆرانییانەدا بچنەوە کە پەخشی دەکەن و ترسی خوای گەورەو بیری قیامەت بکەنە تەرازوو پێش پەخش کردنی هەر شتێك و لە ئاستی هەڵگرتنی ئەو ئەمانەتە قورسەدابن, وە با چاك بزانن کە خەڵکی وورده وورده لە خراپەو تاوان و بیستنی گۆرانیو مۆسیقا وەرست دەبێت و دەگەڕێتەوە ناو مەزرا پڕ لە ئارامییەکەی ئیسلام و سایەی خۆ شارەزاکردن لە قورئانی پڕ ئارامی نەفس و دەرون, زۆری بیسەرانی ئێزگەی (دەنگی قورئان) لە چاو ئێزگەکانی تریشدا چاکترین شایەتی ئەم حاڵەتەیە..

خوای پەروەردگار دڵ و دەرونمان پاك بکاتەوە لە خۆشویستنی دەنگە حەرامەکان, وە زمانمان رابهێنێت لەسەر زیکرو قورئان خوێندن و ووتنی ووشەی جوان و چاك, کردەوەکانیشمان پاك بکاتەوە لەو رەفتارانەی شیاو نین بە پلەو پایەی موسڵمانی تێگەیشتوو. وە هەقمان نیشان بدات و هیدایەتمان بدات بۆ شوێنکەوتنیو دوورمان بخاتەوە لە دەمارگیری کوێرانەو شوێنکەوتنی هەواو ئارەزوو......آمين

وصلى الله وسلم وبارك على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

سبحان ربك رب العزة عما يصفون وسلام على المرسلين والحمد لله رب العالمين

حەمزە بەرزنجی
hamzabarzngy@yahoo.com